# مشتومڕە ناوخۆییەکانی بزاڤی سیاسیی کوردستان

ئارام کەیخوسرەوی

"کوردایەتی بە واتای ئانتاگۆنیستی سێ پرەنسیپی هەیە. یەکەم، باوەڕ بە نەتەوە بوونی کورد، دووەم، باوەڕ بە داگیربوونی کوردستان، و سیهەم باوەڕ بە خەبات لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەم پرەنسیپانە کەم و زۆر لە هەموو بزووتنەوەکانی پێشووی کورددا ڕەنگدانەوەیان هەبوو بە تایبەت لەو ڕێکخراوانەی بەشێک لە خوێندەوارانی کوردستان لە ژێر کاریگەریی سەرکردەی کلاسیکی کورد دایانمەزراندبوون. بەڵام ئەم پرەنسیپانە بە هۆی دۆڕان و شکستێکی مەیدانییەوە تووشی ئاڵوگوڕ هاتن و دەستەبژێری کورد بە ناچار ڕێگایەکی تری هەڵبژارد و ئەو پرەنسیپانە وەک ئارمان و یۆتۆپیایەکی خەیاڵی مایەوە، ئەگەرچی هەموو کەسایەتی و دەستەبژیرەکانی کورد ڕەواییی خۆیان لەو ئارمانەوە وەردەگرت."

## پێشەکی

کورد لە دۆخی بندەستیدا دەژیت. کۆمەڵکوژیی دێریسم، ئەنفال، کیمیابارانی هەڵەبجە، جیهاد بە دژی نەتەوەی کورد، سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و... هتد. هەرهەمووی دەرئەنجامی بندەستیی نەتەوەی کوردن. ئەم وتەیە: «کورد تا دەوڵەتی نەبێت ناتوانێت خۆی بپارێزێت» دەقاودەق ئاماژە بەم دۆخە دەکات و ڕێگەچارە لە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ دەبینێتەوە. دامەزراندنی کیانێک بە واتای گۆڕینی دۆخی بندەستی بۆ دۆخی سەروەری. سەربەخۆییخوازی، ئۆتۆنۆمیخوازی و دیموکراسی، لە بزووتنەوەی کوردستاندا هەوڵدانێک بووە بۆ دەربازبوونی کورد لە دۆخی بندەستی. هەر کام لەمانە لەگەڵ کۆمەڵێک گرفت و لەمپەری دەرەکی بەرەورووبوونەتەوە. وێڕای ئەوە ئەم هەوڵانە لەگەڵ مشتومڕێکی ناوخۆیی بزاڤی کوردستانیش ڕووبەڕوون. لەم وتارەدا ئاوڕێک لەم مشتومڕانە دەدەینەوە. ئەم مشتومڕانە لە سەر چییە؟ تۆخمە سەرەکییەکانی بابەتی سیاسی لە کوردستان چین؟ پێش سەردەمی مۆدێرن دەستەبژێری کورد چۆن سیاسەتی دەکرد؟ بۆ چی پارادایمی سەربەخۆیی جێی خۆی بە ئۆتۆنۆمیخوازی دا؟ ئایا ڕێگەچارە ڕووخانی دیواری ئێتنیکییە؟ ئایا بە دەستەبەر بوونی مافی هاووڵاتی، کورد دەتوانێت بە مافەکانی بگات؟

## بابەتی سیاسی

لە زانستە مرۆییەکاندا هەر لە کۆنەوە تا ئێستا مشتومڕێکی بەردەوام لە سەر پێناسەی سیاسەت لە ئارادایە. لە ئەرستۆ تا بیرمەندانی ئەم سەدەیە ئەم مشتومڕە بەردەوامە. ئەم مشتومڕە زیاتر لەسەر بابەتیی سیاسی (The Political) بووە نەک سیاسەت(Politics) چونکە جیاوازییەک لە نێوان سیاسەت و بابەتی سیاسی هەیە. مەبەست لە سیاسەت زۆر جار ئەو کردە و ئەکتانەن کە ڕۆژانە لە لایەن سیاسەتمدارێک، حیزبێک یان ڕێکخراویەکەوە دەیبینین. واتە لێرە سیاسەت وەک زانستی سیاسەت و لە بارەی واقیعی سیاسی دەپەیڤێ. بەڵام بابەتی سیاسی زۆرتر پەیوەندیی بە جەوهەری سیاسەتەوە هەیە و لە فەلسەفەی سیاسییەوە بیچم دەگرێت. «لە حەقیقەتدا کاتێک قسە لە فەلسەفەی سیاسی دەکرێت، دەبێت جیاوازییەک لە نێوان ئەو و زانستە سیاسییەکان دابنرێت.... زانستە سیاسییەکان لەبارەی تایبەتمەندییەکانی سیاسەت دەکۆڵێتەوە، بەڵام ئاوڕ لە جەوهەری سیاسەت ناداتەوە. بەڵام فەلسەفەی سیاسی، سەرنجی خۆی دەخاتە سەر چییەتی، واتا و بیچمگرتنی چەمکی سیاسەت» (جەهانبەگلو، ١٣٨٦: ١٢). نابێت وا لێک بدرێتەوە کە فەلسەفەی سیاسی پەیوەندیی بە واقیعی سیاسییەوە نییە و تەنیا کردەیەکی زەینی و دوور لە کۆمەڵگایە، بەڵکوو فەلسەفەی سیاسی مانایەکی گشتیی هەیە و باس لە باشترین جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و باشترین جۆری سیستەمی سیاسی دەکات. «لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسییەوە پرسیار لە بارەی سیاسەتەوە، پرسیار لە بارەی «ژیانی هاوبەشی» مرۆڤەکانە و فەیلەسووف کەسێکە کە لەبارەی ئەم هەستییە هاوبەشەوە بیر دەکاتەوە» (هەمان: ١١). کەواتە فەلسەفەی سیاسی لەم واتایەدا چالاکییەکی فیکرییە کە ئامانجێکی گشتی و بەرفراوان و کۆیی هەیە نەک تاکی. کاتێک باس لە کۆمەڵگا دەکرێت، باس لە فرەیی دەکرێت و باس لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان دەکرێت. ڕابینسۆن کرۆزۆ کە بەتەنێ لە دوورگەیەکدا دەژیت، ڕەنگە خاوەنی شێوازی ژیان و ئابووری و تەنانەت هونەرێکی تایبەتیش بێت، بەڵام خاوەنی هیچ سیاسەتێک نییە. سیاسەت بە بوونی کەسانی ترەوە دەست پێ دەکات.

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم تا ئێستا بیرمەندگەلێک وەک شمیت و ئارێنت و دواتر کەسانێکی وەک شانتال موفە زیاتر ئاوڕیان لە

مژارێکی نوێ لە فەلسەفەی سیاسی بە ناوی بابەتی سیاسی دایەوە. کاکڵەی باسەکەی ئەوان بە تایبەت شمیت و موفە، جیاوازی لە نێوان سیاسەت و بابەتی سیاسی بوو. «سیاسەت ئاماژەیە بە ئاستی ئنتیک (ontik) لە کاتێکدا کە بابەتی سیاسی پەیوەندیی بە ئاستی ئۆنتۆلۆژیکەوە (ontolohical) هەیە. ئەمە بەو مانایە دێت کە ئاستی ئنتیک پەیوەندیی بە کردەوە جۆراوجۆرەکانی سیاسەتی باوەوە هەیە، لە حاڵێکدا ئاستی ئۆنتۆلۆژیک پەیوەندیی بە شێوازی دامەزراندنی کۆمەڵگەی سیاسییەوە هەیە» (موفە، ١٣٩١: ١٦).

بابەتی سیاسی لە لای شمیت گۆڕەپانی ململانێ و جیاوازی و بەریەککەوتنی ناسنامە کۆییەکان یان سەرهەڵدانی « ئێمە» لە بەرانبەر «ئەوان»، کە ئەو وەک جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمن نێوی دەبات. جیاوازیی دۆست و دوژمن نیشاندەری زۆرترین ئاستی یەکێتی یان پەرتەوازەیی، لەگەڵ یەک بوون یان لە یەک دابڕانە. کەواتە لۆژیکی بابەتی سیاسی لە ڕوانگەی شمیتەوە جیاوازی و ئانتاگۆنیسمی دۆست و دوژمنە. لەم پێناسەیەدا ناسنامە سیاسییەکان لەسەر بناغەی جیاوازی و بەریەککەوتنی "ئێمە و ئەوان" بیچم دەگرن. شمیت لە وتاری "تێگەیشتن لە بابەتی سیاسی"دا دەنووسێت: «بابەتی سیاسیی پێوەری تایبەت بە خۆی هەیە و بە شێوەیەکی تایبەت خۆی دەردەبڕێت... لە بەستێنی ئەخلاقدا، جیاوازیی کۆتایی لە نێوان باش و خراپدا هەیە، لە جوانیناسیدا لە نێوان جوان و ناشیرین و، لە ئابووریدا لە نێوان سوودهێنەر و بێ سوود، کەوابوو پرسیار ئەوەیە ئایا دەکرێت جیاوازییەکی تایبەت بدۆزرێتەوە کە وەک پێوەرێکی ئاسان بۆ دیاریکردن و جیا کردنەوەی بابەتی سیاسی بە کار بێت؟» (ئاگامبن و ئەوانی دیکە، ١٣٩٢: ٩٥). شمیت خۆی دواتر وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەنووسێت: ئەم جیاوازییە، جیاوازیی دۆست و دوژمنە.

دوژمن لەم ڕوانگەیەدا ئەوی ترێکە، بێگانەیەکە، کەسێک کە لە دۆخی ئاوارتەدا ئەگەری شەڕ و ململانێ لەگەڵیدا هەیە. خاڵی گرنگ لە وتارەکەی شمیتدا ئەوەیە کە دوژمن لێرە واتایەکی کەسیی نییە، بەڵکوو مەبەست لە دوژمن، دوژمنێکی گشتییە. دوژمن هیچ کات نابێتە کەسی، دوژمن تەنیا و تەنیا دوژمنێکی گشتییە. هەر لەم بارەیەوە لە بەرانبەر وتەیەکی بەناوبانگی ئینجیلدا کە دەڵێت «دوژمنانی خۆتان خوش بوێ» دەنووسێت: «لە بنەڕەتدا {لەم وتەیەدا} باسی دوژمنی سیاسی لە ئارادا نییە، لە شەڕی هەزار ساڵەی مەسیحییەکان و موسڵمانان، هەرگیز بە بیری هیچ مەسیحییەکدا نەهات کە بۆ ئەوینی عەرەبەکان یان تورکەکان لە جیی بەرگری لە ئەورووپا تەسلیمی دوژمن بن» (هەمان، ٩٨-٩٧).

وەک دیارە بابەتی سیاسی لە لای شمیت لەسەر بناغەی بەریەککەوتن، ململانێی بەردەوام و ئانتاگۆنیسمی دۆست و دوژمن داڕێژراوە؛ بۆیە شەڕ ئەگەرێکی هەمیشە ئامادەیە. لەم پێناسەیەدا کاتێک ناسنامەیەکی کۆیی یا نەتەوەیەک بانگەشەی نەبوونی دوژمن دەکات، لە واقیعدا خۆی لە تایبەتمەندیی سیاسی وەدەرناوە. «ئەمە خەیاڵێکی گۆترەیە کە نەتەوەیەک دەتوانێت بە بانگەوازی ئەوەی لەگەڵ هەموو جیهاندا دۆستە یان بە چەک کردنی ئارەزوومەندانەی خۆی، جیاوازیی نێوان دۆست و دوژمن بسڕێتەوە، جیهان بەم شێوەیە لە سیاسەت بە تاڵ ناکرێت، ناچێتە دۆخێک کە گرێدراوی ئەخلاق پەتی، دادپەروەریی پەتی یان ئابووریی پەتی بێت. ناکرێت جیهانێک وێنا بکەین کە هیچ سیاسەتێکی تێدا نەبێت» (هەمان، ١٢٠). بناغەی پێناسەی شمیت لە بابەتی سیاسی لەسەر ئانتاگۆنیسمە، واتە جیاوازی و شەڕ و بەریەککەوتنی دۆست و دوژمن یان ناسنامەکۆییەکان یان ئێمە و ئەوان و، لەم پێناسەیەدا ئاشتیی نێوان ئەم ناسنامانە دەبێتە بابەتێکی مەحاڵ. بەڵام

شمیت ئەم پێناسەیە تەنیا بۆ دەوڵەتەکان بە کار دەهێنێت، چونکە تەنیا فرەییەک کە شمت باوەڕی پێی هەیە، فرەییی دەوڵەتەکانە. بەڵام دواتر شانتال مووفە هەوڵ دەدات ئەم پێناسەیە بە جۆرێکی تر بۆ گەشەکردنی دیموکراسی لە نێو کۆمەڵگەیەکی سیاسی بە کار ببات.

شانتال موفە بناغە و کاکڵەی پێناسەی شمیت بۆ بابەتی سیاسی قبوول دەکات، واتە سیاسەت گۆڕەپانی ململانێ و شەڕ و جیاوازییەکان و لە بەرانبەر یەک وەستانی ئێمە و ئەوانە واتە ئانتاگۆنیسمێک کە شمیت باسی لێوە دەکات لە لای موفەیش قبووڵ دەکرێت. موفە لەم بارەیەوە دەنووسێت: «لەو رووەدا کە پێویستیی هەر جۆرە ناسنامەیەکی سیاسی، جیاوازیی «ئێمە» و «ئەوانە»، ئەگەری سەرهەڵدانی ئانتاگۆنیسم هیچ کات لە نێو ناچێت. بۆیە باوەڕ بە ئەوەی کۆمەڵگایەک دەتوانێت بیچم بگرێت کە بەتاڵ بێت لە ئانتاگۆنیسم، ساویرێک زیاتر نییە» (موفە، ١٣٩١: ٢٣). موفە لە پەیوەندی لەگەڵ بەریەککەوتنی دۆست و دوژمن یان «ئێمە» لە بەرانبەر «ئەوان» دەنووسێت: «ئەم پرسە کاتێک روو دەدات کە "ئەوان" بە جۆرێک وێنا بکرێن کە دەڵێی هەڕەشەیەکن بۆ ناسنامەی "ئێمە" و وەکوو مەترسییەک بۆ بوونی ئێمە وێنا بکرێن» (هەمان، ٢٣).

بەڵام موفە سەرەڕای قبووڵکردنی بابەتی سیاسی وەک بەستێنی جیاوازی و شەڕ، هەوڵ دەدات واتایەکی تر بۆ دوژمن و هەروەها مانایەکی تر بۆ ئانتاگۆنیسمی نێوان "ئێمە" و "ئەوان" بدۆزێتەوە. بۆیە پرسیارێک کە موفە گەڵاڵەی دەکات ئەوەیە کە چ جۆرە پەیوەندییەک دەتوانێت سیاسەت وەک جیاوازیی "ئێمە" و "ئەوان" بهێڵێتەوە و لە هەمان کاتدا ئانتاگۆنیسمی نێوان ئەم پەیوەندییە دەستەمۆ بکات؟ موفە دەنووسێت: «ئەگەر دەمانەوێت لە لایەک بەردەوامیی ڕەهەندی شەڕخوازانەی سیاسەت بە فەرمی بناسین و لە لایەکی تر دەستەمۆی بکەین، دەبێت بە دوای جۆرێکی تر لە پەیوەندیدا بین.... ئەم جۆرە پێشنیار دەکەم کە پێی بڵێین ئاگۆنیسم، لە کاتێکدا ئانتاگۆنیسم پەیوەندیی ئێمە و ئەوانە کە دوو لایەن دوژمنانێک بە حیساب دین کە لە هیچ بارێکدا هاوبەش و شەریک نین، ئاگۆنیسم پەیوەندیی ئێمە و ئەوانە کە هیچ ڕێگایەکی عەقڵانی بۆ چارەسەرکردنی ململانێکەیان نییە، بەڵام ڕەواییی نەیاران بە فەرمی دەناسن» (هەمان، ٢٧). لەم پێناسەیەدا دوژمن جێی خۆی دەدات بە نەیار. لە ڕوانگەی موفە، تەنیا ڕێگا بۆ پاراستنی دیموکراسی بوونی ململانێی ئاگۆنیسمییە، واتە پێشمەرجی دیموکراسی، ڕەوایی‌دان بە ململانێ و ناسنامە کۆییەکانە. لە واقیعدا موفە دەیەوێت جیاوازییەکان یان پەیوەندیی دۆست و دوژمن کە بناغەی بابەتی سیاسییە، بۆ پەرەگرتنی دیموکراسیەتیکی ڕادیکاڵ بەکار ببات. بۆیە دەنووسێت: «بە جۆرێک لە خوێندنەوەکانی [شمیت] بۆ جیاوازیی دۆست و دوژمن کەڵک وەربگرین و لەگەڵ فرەییخوازییەکی دیموکراتیک هاوتەریبی بکەین...» (هەمان، ٢٢). بە واتایەکی تر «چەلنجی سیاسەتی دیموکراتیک بریتییە لە هەوڵدان بۆ بیچمگرتنی پەیوەندیی ئێمە/ئەوان، هاوڕێ لەگەڵ قبووڵکردنی ئیمکانی ئانتاگۆنیسم بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز» (هەمان، ٢٣). لەم پێناسەیەدا سیاسەتی دیموکراتیک بریتییە لەوەی کە هەموو ناسنامە کۆییەکان، هەموو جیاوازییەکان بە فەرمی بناسرێن. هەر ئەمەش خاڵی جیاوازیی ئەم سیاسەتە لەگەڵ سیاسەتی لیبراڵییە کە بناغەی خۆی لەسەر تاک دادەنێت نەک ناسنامەی کۆیی. ئارگیۆمنتی سەرەکیی ئەم دیموکراسییە ئەوەیە، لە کۆمەڵگای مودێرن ناسنامە کۆییەکان کە بناغەیان لەسەر جیاوازی و بەریەککەوتنی ئێمە/ ئەوان دارێژراوە بوونیان نییە. ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە سنووربەندییە سیاسییەکان بە شێوەی پێشوو نەماون. تاکگەراییی ململانێ

سیاســـییەکان بووەتە هۆی ئەوەی ململانێ و بەریەککەوتنەکانی پێشـوو کە زۆر جار بە پێی ناسنامەی کۆیی بوون، بایەخی خۆیان لە دەس بدەن. بە واتایەکی تر ئەو مۆدێلە سیاسییە کە بناغەی لەسەر دوژمن و نەیار داڕێژرابوو نەماوە (هەمـــان، ٥٥). کە وابوو لـــە جێی ململانێ و بەریەککەوتن دەبێ باس لە کۆدەنگی بکرێت.

## بیـــری ســـەربەخۆییی کوردســـتان: ئانتاگۆنیسمی نێوان کورد و ئەوی تر

ئەگەر کوردایەتی وەک بیرۆکەیەک بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ پاراستنی کورد پێناسە بکەیـــن، ئەوە هەوڵـــدان لەم پێنـــاوەدا بەدەر لەوەی کوردایەتی بە ناسیۆنالیزم بزانین یان نا، مێژوویەکی کۆنی هەیە. یەکەم جار ئەحمەدی خانـــی بە زەم و لۆمەی میرە کوردییەکانی ئەو دەم، باســـی دامەزراندنـــی کیانێکی کوردی بۆ ڕزگاری لە دەســـتی تـــورک و عەجەم دەکات. دواتر و بە تایبەت لە ســـەدەی بیستەمدا ئەم بیرۆکەیـــەی ئەحمـــەدی خانـــی وەک یەکەم هەوڵدانێک بۆ ســـەربەخۆیی ناســـێنرا. جەمال نەبـــەز لەم بارەیەوە دەنووســـێت: «بیرکەرەوی گـــەورەی کورد ئەحمەدی خانی لە ســـەدەی حەڤدەیەمدا بە کـــردەوە خەڵکی هان داوە بۆ تێکۆشان لە پێناوی سەربەخۆییی کوردستاندا و داوای لە کورد کردووە ناکۆکی و دووبەرەکیی نێوخۆیـــی بخەنـــە ئەو لاوە و لە ژێر ســـایەی شـــایەکی کورددا یـــەک بگـــرن و خۆیان لە ژێردەســـتەیی ترک و عەجـــەم ڕزگار بکەن و دەوڵەتێکی کوردیی ســـەربەخۆ دروست بکەن» (نەبـــەز، ٢٠٠٧: ٨٥). هەندێک لە بیرمەندانی ڕۆژئاوایی وێڕای ئەوەی ئاماژە بە دەوری گرنگی خانی لە هەســـتی نەتەوەییی کـــورد دەدەن، پێیان وایە ناتوانین خانی وەک ناسیۆنالیســـت پێناسە بکەین. لە سەردەمێکدا کە خانی ژیاوە هیچ دەوڵەتێک خاوەنی ناسنامەیەکی ئێتنیکی نەبـــووە و دەوڵەتەکان و دەســـەڵاتەکان زیاتر لە ســـەر بناغەی ئایینی و وەفاداری بە پاشـــا دامەزراون.

مارتیـــن ڤـــان بروینســـێن یـــەک لـــەو بیرمەندانەیە کە خانی بە ناسیۆنالیست نازانێت، بەڵام لە وتارێکدا دەنووسێت: «... بەرهەمەکانی خانـــی، بە تایبـــەت مەم و زین لە ســـەرجەم قۆناخەکانی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کورددا دەوریـــان گێڕاوە، کەوابوو لە جێی خۆیدایە کە خانی وەک باوکی ناسیۆنالیزمی کوردی بزانین» (ڤان بروینســـین، ئەوانی دیکـــە، ٢٠١٢: ٤٤). وێڕای ئەوەی بەشـــێک لە بیرمەندان، ناسیۆنالیزم بە بیرۆکەیەکـــی نوێی دونیای مۆدێـــرن دەزانن، بەڵام لە ســـەدەی حەڤدەیەم بـــە دواوە، هزر و کردەگەلێک لە کوردســـتان و لە سەردەمی میرە کوردییـــەکان دەبینین کـــە دواتر وەک ئەکتێک لـــە پێناو کوردســـتان و بزووتنەوەی کوردایەتی خوێنراوەتەوە. "ئەمیر حەسەنپوور" کە خوێندنەوەیەکی مارکسیستی بۆ ئەم هەوڵدانە هەیە، باس لـــە دۆخێکی ئاوارتە دەکات کە لە هەندێک شـــوێندا و بەتایبەت لە کوردســـتاندا ڕووی داوە. واتـــە دەتوانیـــن پێـــش دەورانی مۆدێرن و گەشەسەندنی چینی بووڕژوا، باس لە ناسیۆنالیزم بکەین. حەسەنپوور دەنووسێت: «لە دۆخێکی مێژوویـــی دیاریکراو و لە نێو برێک لە نەتەوە ژێردەستەکان، چینی فیئۆدال دەبنە ئاڵاهەڵگـــری یەکیەتیی نەتەوەیـــی لە بەرانبەر دوژمن یان نەیارێکی بیانی و بێگانە... کوردستان باشـــترین نموونـــەی ناســـیۆنالیزمی فیئوداڵی نیشـــان دەدات کە لـــە ســـەدەی حەڤدەیەم دەســـتی پێ کرد و تا ئێستاش درێژەی هەیە» (حەسەن پوور، ١٤٠٠: ١٤٨-١٤٧). جەماڵ نەبەز ئەم شێوازە لە ناسیۆنالیزم، تایبەتی سەرکردایەتیی کلاسیکی کورد دەزانێت. چونکە ئاڵا هەڵگرانی ئەم ناســـیۆنالیزمە ســـەرۆک هۆز و میرەکان، کەســـایەتیی ئایینی و فەقێیـــەکان بوون، کە جڵەوی بزووتنـــەوەی کوردییان لە ســـەدەی شازدە و حەڤدەوە تا پێشەوا قازی بە دەستەوە بوو و دەورێکی کاریگەریان لە گەشەســـەندنی بیری نەتەوەییدا هەبووە.

نەبەز لەم بارەیەوە دەنووسـێت: «بەدرخان پاشای میری بۆتان لە نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوودا، لەشکری گەورەی دروست کردووە و دراوی بە نێوی خۆیەوە لێداوە و بانگی یەکێتیی هەموو کوردستـانی داوە. شـێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە سـاڵی ۱۸۸۰/۱۸۸۱ دا لە ڕێگەی ڕێکخستنی هێزێکی سـوپاییەوە ویستوویەتی کوردسـتان بـکات بـە یـەک. شـاعیران و ڕووناکبیرانی سەتەی نۆزدە، وەک حاجی قادر کۆیی و شـێخ ڕەزای تاڵەبانی و کوردی و... هتـد بە هۆنراوەکانیان، کـەم و زۆر، خزمەتی بیری سـەربەخۆیی کوردستانیان کردووە.... ئەو شۆرشـانەی لە بیسـتەکاندا و سییەکاندا بە سەرۆکایەتیی شێخ سـەعیدی پاڵۆ و شێخ عەبدولقـادری شـەمزینی و شـێخ مەحموود بەرزنجی و قەدەم خێر و سـەردار ڕەشـید و سمایل خانی سمکۆ و ئیحسان نووری و سەیید ڕەزا و قوچگیری بارزانییـەکان ڕوویان داوە و تەنانەت ئەو بزووتنەوانـەی لە ماوەی جەنگی جیهانیی دووەمدا سـەریان هەڵـداوە، هەموو بۆ سەربەخۆیی کوردسـتان بوون. ئەم بیری سەربەخۆییەی کوردسـتان بڕبڕەی پشتی بیر و ستراتیژیی سـەرکردایەتیی کلاسیکی کورد بـووە» (نەبەز، ۲۰۰۷: ۸۵). نەبـەز گەورەترین سـەرکردەی کلاسیکی کورد لە ماوەی شەڕی جیهانیی دووەم بە پێشـەوا قـازی محەممەد دەزانێـت کە بۆ سـەربەخۆیی کوردسـتان تێدەکۆشـا. ئەکت و سیاسەتی سەرکردایەتیی کلاسـیکی کورد، وێڕای هەندێک جیاوازی و پابەندبوون بە ئایینی ئیسلام لە سـەر بناغەی ئانتاگۆنیسـمی نێوان خۆ و ئەوی تر دارێژراوە. واتە دەتوانین بە شێوەیەکی ساکار "خۆ"یەک لـە کـردە و ئەکتەکانیاندا بدۆزینـەوە. لەبەر ئەوەی بە سـاکار نێوی دەبەین چون هەندێک جار سـنوورەکانی ئەم خۆیە دەشێوێت و لێڵ دەبێت.

یەک لـەو میرە کوردییانـە میر بەدرخان بوو کە لە سـاڵی (۱۸۲۱) میـری بۆتان بووە. میر بەدرخان لە سەدەی حەڤدەیەم لە بەردەم نێردەی پاشـای فەرەنسـا دەڵێت: «من شای وڵاتم، نەک سـوڵتانی عوسمانی- ئەگەر ئەو لە من بە دەسـەڵاتترە، ئەوا من لەو شـەریفترم» (کوچێرا، ۲۰۰۹: ۱۹). کریس کوچرا بە هێنانەوەی ئـەم وتەیەی میر بەدرخان دەنووسـێت: «ئەم قسـە دلێرانەیـە، کـە نەجیبزادەیەکی کورد لەسـەدەی حەڤـدەدا، لـە بـەردەم نێردەی پاشـای فەرەنسـادا کردوویەتی لە ڕاسـتیدا جەوهـەر و پوختەی دنیای زەین و بەرزەفڕیی ئەشـرافیی کوردیزادەی فیئودالیزمی ئاسیای کۆنە: ئەشـرافزادەیەک کە سەرۆکی قەڵایەک یان ئاغـای دۆڵێکە و.... خۆی لە سـوڵتانی گەورەترین ئیمپراتۆریەتی ئاسـیا بە شەریفتر دەزانێت و بە چاوی داگیرکەر سەیری دەکات» (هەمان، ۱۹).

ئەگەرچـی ئاییـن کاریگەریـی زۆری لەسـەر کەسـایەتیی میر بەدرخـان بووە بە جۆرێـک کـە دوو میسـیۆنەر واتە میسـتەر ڕایت و میسـتەر بریت کـە دوو مانگ میوانی میربەدرخان بوون دەنووسـن: «پیاوێکی خودا ترس بوو، زۆربەی کاتەکانی بە خواپەرەسـتی و وێردەوە دەگوزەراند، هەندێک جار ڕۆژگاری بەرپرسیارەتیی وەکو بەرپرسی دەوڵەت بە زیکر و خواناسـیەوە دەبردە سەر» (عەلی، ۲۰۱۰: ۵۴) بـەڵام لەگەڵ ئـەوەش وەک دوژمن چاوی لە دەسـەڵاتی ناوەندیی عوسمانی دەکرد. بناغەی سیاسـەتی ئانتاگۆنیسمی میر بەدرخان لەگەڵ دەسەڵاتی عوسمانی لە شێواز و هەڵسوکەوتی حکوومەتەکەی لەگەڵ میر و ماباقیی سەرۆک هۆزەکان بە ڕوونی دیـار دەکەوێت. ڕکابەریی نێوان میرەکان بابەتێکی ئاساییی ئەو سەردەمە بووە. بەڵام میربەدرخان سیاسـەتی یەکگرتن لەگەڵ میـرە کوردییەکانی تری لـە بەرانبەر دوژمن واتە سـوڵتانی عوسمانی پەیرەو دەکرد. «میربەدرخان سیاسـەتێکی بـە حیکمەت و وردی هەبـووە لەگەڵ میرەکانـی کورد، پێی وا بـوو ئەوانە لە ناوچەکانی خۆیاندا شـوێنی

تایبەتیان لە دڵی شوێنکەوتووانی خۆیاندا هەیە، هەر هەوڵێکــی بە زۆر لکاندن بە دەوڵەتەکەی ئەووەە شەڕی ناوخۆی میللیی لێ دەکەوێتەوە، ئەمــەش هەموو لایەک بێهێز دەکات و دوژمن مەبەست لە دەســەڵاتی مەرکەزیی عوسمانی بە هێز دەکات، بۆیە هەوڵی داوە دۆســتایەتیی ســەرۆک هۆز و میرە کوردییــەکان بکات.... و هەتــا ڕێککەوتننامەیەک بە نــاوی (پەیمانی پیرۆز) ببەستن» (هەمان، ٥٦).

دوای شکســتی میــرە کوردییــەکان، ڕێبەرایەتیــی بزووتنەوەی کــوردی دەکەوێتە ئەستۆی کەسایەتییە ئایینییەکانی کوردستان. کریس کوچیرا دەنووسێ: «... لە نێو کۆمەڵی پاشــکەوتووی دێهاتیانــدا تاقمێکــی تازە لە «ڕێبەران» پەیدا دەبن. ئەمانە «شــێخان» واتە ســەرانی مەزهەبی و ئایینین، کە بە حوکمی دەسەڵاتی گەورەیان لە نێو جەماوەری خەڵکی کــورددا، دەبن بە جێنشــینی میــر و ڕێبەرە غایبەکانیــان. خەڵکانی ســەر بــەم تاقمە لە نێو ســەدەی دواتردا ڕۆلێکی سیاسیی گرنگ دەبینین» (کۆچرا، ٢٠٠٩: ٢٢). شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی بەرزەنجی و... لە گرنگترینی ئەم سەرکردانەن شــێخ عەبەیــدوڵڵای نەهــری جگــە لە ستراتێژیی سەربەخۆیی، ڕەهەندی نەتەوەییی زیاتری پێوە دیارە. «...چونکە شێخ عوبەیدوڵڵا یەکەم ســەرۆکی کورد بوو کە لــە نامەکانی خۆیدا وشــەی نەتەوەی کوردی بە کار هێنا» (کەریمی، ٢٠١٥: ٣٢). شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ساڵی ١٨٨٠ لە نامەیەکدا بۆ جێگری کۆنسووڵی بەریتانیا نووسیویە: «خەڵکی کورد نەتەوەیەکی جیان، مەزهەبیان لەگەڵ مەزهەبی خەڵکی تر جیــاوازە و داب و نەریتیان جیاوازە..» (ئێلســن، ١٣٧٧: ٢١-٢٠). دیــارە نەهــری ئەم قســانە بۆ جیاوازیــی نێوان کورد و ئێرانی و عوســمانی دەنووسێت. نۆشیروان مستەفا بە جەخت کردنە ســەر هەوڵدانی شێخی نەهری بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ســەربەخۆی کوردســتان، ئاماژە بە چەند خاڵی گرینگی تر لە سیاســەتی نەهری دەکات «١-هەمــوو کورد بێ گوێدانە جیاوازیی خێزان، بنەماڵــە، خێڵ، ناوچە، لەهجەی زمان و ... لەســەر بنچینەی پەیوەندیــی نەتەوەیی کۆبکاتەوە و لە دوو دەوڵەتی بە ناو ئیسلامییان داببڕێ، ٢- دوژمنانی کورد: ئیمپراتۆرییەکانی قاجاری و عوسمانی، لە کوردستان دەربکا، ٣- هەردووبەشی ئێرانی و عوسمانیی کوردستان لە ژێر دەستی بابیعالی و دەرباری قاجار دەربهێنێ و یەک بخات....» (مستەفا، ٢٠٠٥: ١٨٦)

ئەم هێڵــە سیاســییە ئانتاگۆنیســمە کە ســەرکردایەتیی کلاســیکی کــورد ڕێبەریی دەکرد، تــا دوای شــەڕی جیهانیــی یەکەم و ســەدەی بیســتەم و تا کۆتاییــی کۆماری کوردســتان، سیاســەتی زاڵــی ڕێبەرایەتیی کلاســیکی کورد بووە. تەنانەت ئەو ڕێکخراوانە کە لــە لایــەن وردەبــورژوای کــوردەوە لە سەروبەندی شەڕی جیهانیی یەکەم تا کۆماری کوردســتان دامــەزران، ســتراتێژیی خۆیان لەسەر ســەربەخۆیی کوردســتان دارشتبوو. جەمال نەبــەز بــە پشتڕاســتکردنەوەی ئەم بۆچوونــە دەنووســێ: «.. هەموو ئــەو کۆمەڵە کوردییانــەی هــوردە بورژوازیی ڕۆشــنبیری کورد دایمەزراندوون، هەر لە جەنگی جیهانیی یەکەمەوە، تا کۆتاییی جەنگی جیهانیی دووەم، وەک حیزبی سەربەخۆیی کوردستان و حیزبی خویبــوون و کۆمەڵەی زەردەشــت وکۆمەڵەی برایــی و کۆمەڵــەی ژ.ک و هتــد، کەم و زۆر بۆ سەربەخۆیی کوردســتان تێکۆشاون» (نەبەز، ٢٠٠٧: ٨٨).

دوای شەڕی جیهانیی یەکەم و دارشتنی نوێــی ڕۆژهەڵاتــی ناویــن، دوو بزووتنەوەی گەورە لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان هاتنە ئاراوە: شۆڕشی ســمکۆ و پاش شەڕی جیهانی دووەم دامەزراندنــی کۆماری کوردســتان لە شــاری مهاباد. ئەم دوو شۆڕشــە گــەورەی کوردیش لەسەر هەمان بناغەی ئانتاگۆنیسمی و دەکرێت بوترێت لەســەر هەمان ئامۆژگاریی ئەحمەدی

خانی بوو کە کوردەکانی هان دابوو بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ.

ئەحمەدی کەسرەوی یەک لە ڕۆشنبیرە ئێرانییەکان کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە داڕشتنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەبوو لەبارەی شۆڕشی سمکۆوە دەنووسێت: «کوردەکان بەردەوام ئەگەر دەرفەتیان هەبا نافەرمانییان دەکرد لەگەڵ دەوڵەت، برای [سمکۆ] جەعفەر ئاغا و باوکی محەممەد ئاغا لە کاتی خۆیدا چەندان جار نافەرمانییان کردبوو، بەڵام سمکۆ بۆ کوردستان سەربەخۆیی دەویست و لە بۆ ئەم ئاواتە تێدەکۆشا» (کەسرەوی، ١٣٥٠: ٨٣٠) کریس کوچرا ئەم بۆچوونە پشتڕاست دەکاتەوە و سمکۆ وەک ناسیۆنالیستێکی ڕاستەقینە نیو دەبات (کوچرا،٢٠٠٩: ٤٨).

بنەمای سیاسەتی ئانتاگۆنیسمی سمکۆ لەگەڵ فارس لە وتوویژی ناوبراو لەگەڵ مستەفا پاشای یامولکی باشتر ڕوون دەبێتەوە. سمکۆ لە وڵامی ئەم پرسیارەی کە بەتەمای چییە و مەبەستی لەو بزووتنەوەیە چییە دەڵێت: «فارسەکان (بێگومان سمکۆ وشەی فارسی بە کارنەهێناوە، بەڵکوو عەجەمی بە کارهێناوە، بەڵام ئەبێ لە وەرگێڕانی ئینگلیزی داوای لێ کرابێ) ڕقیان لە کوردە، لەبەر ئەوە من بە هەموو توانای خۆمەوە، هەوڵ دەدام کوردەکان ڕێک بخەم، بۆ ئەوەی لە دەستدرێژیی فارس ڕزگاریان بێت...» (مستەفا، ٢٠٠٥: ٤١٩). سمکۆ پاشان لە وڵامی پرسیارێک کە بۆ چی ئاڵای خۆت هەڵناکەی و تا بۆ هەمووان ڕوون بێتەوە کە ئامانجت سەربەخۆییە و بۆچی لە کوردستانی تورکیە دەست پێ ناکەی بە ڕوونی وڵام دەداتەوە: «من وای بە باش دەزانم کە لە پێشدا لە ئێرانەوە دەست پێ بکەم. من هیچ بە چاکی نازانم لەم ڕۆژەدا لەگەڵ تورکەکان تێکی بدەم، چونکە ئەوان بە تفەنگ و فیشەکەوە یارمەتیم دەدەن. من هیچ بە پێویستیشی نازانم بۆ بێگانە بەیان و بڵاوکراوە بڵاو بکەمەوە... ئێمە پێویستە تێبکۆشین و پشتیش بە هێزی خۆمان ببەستین و نەهێڵین فارسەکان بگەڕێنەوە ورمێ و سابلاخ» (هەمان، ٤١٩). دیارە ئەوەی کە ڕوونە ستراتێژیی سمکۆیە کە بەردی بناغەی لەسەر پێناسەکردنی عەجەم وەک دوژمن و هەوڵدان بۆ ڕزگاری لە ژێر دەسەڵاتی ئەوان بووە.

ڕەنگە گرنگترین هەوڵی نەتەوەی کورد بۆ ڕزگاری و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بەو جۆرە کە لە ئامۆژگارییەکانی ئەحمەدی خانیدا هاتووە، دەکەوێتە پاش شەڕی جیهانیی دووەم و دامەزراندنی کۆماری کوردستان بە سەرۆکایەتیی سەرکردەی کلاسیکی کورد پێشەوا قازی محەممەد. ئەم قۆناخە گرنگە پاش دامەزراندنی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشان حیزبی دیموکراتی کوردستان هاتە ئاراوە. پێشەوا لە وتاری خۆیدا لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٤ بە بۆنەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان دەڵێت: «میللەتی کورد هەزاران سەدد و بەرهەڵستی سەخت و سەهەندەی لە ڕێدا بوو و دەستەودایرەی دیکتاتۆری بێوچان کارشکێنیی ئێمەیان دەکرد و لە هیچ نامەردییەک ڕانەدەوەستان و ئیختلافی عەشایری و داخیلیش ئیشکالێکی گەورە بوو بۆ ئێمە. ئەمما ئەوانە هیچکامیان نەیانتوانی پێش بە ئێمە بگرن. بە دڵێکی بە هێز، پایەداریمان کرد و ئیدامەمان بە فەعالییەتی خۆمان دا تا ئیستقلال و ئازادیی نەتەوەی کوردمان بە دەست هێنا» (کوردستان، ١٧ی ڕێبەندان: ١٣٢٤)

کۆماری کوردستان خاوەنی سوپایەکی نەتەوەیی بە ناوی هێزی پێشمەرگە بوو کە لە ڕاستیدا وەک پێوەرێکی دەوڵەتی مۆدێرن کە خاوەنی ئەرتەشێکی بە دیسیپلین بوون، بۆ پاراستنی خاکی کوردستان و کۆماری کوردستان دامەزرا. هەروەها کۆماری کوردستان خاوەنی ئاڵای نەتەوەییی تایبەت بە خۆ و سیستەمی برۆکراسی تایبەت بە خۆی بوو. قاسملوو لەم بارەیەوە دەنووسێت: «زۆرێک لەم دەستکەوتانە ئاوات و ئامانجی لە مێژینەی گەلی کوردستان بوون کە بۆ یەکەم جار لە

ژیانــی نەتەوەی کورددا هاتنە ئاراوە» (قاســملو، ١٣٩٢: ٨٥). سروودی نەتەوەییی کوردستان کە بــۆ یەکەمجار لە کۆماری کوردســتان وترا بە ڕوونی بنەمای ئانتاگۆنیستی و سەربەخۆبوونی نەتەوەی کوردی نیشــان داوە. ئەم سروودە بە بانگەوازێک بۆ دوژمن کە لە ســروودەکەدا بە "ڕەقیب" ناو براوە دەست پێ دەکات.

بۆ تێگەیشــتن لە بنەمای ئانتاگۆنیســتیی سیاســەت کە لەسەر بناغەی دۆست و دوژمن لە کۆماری کوردستان دارێژراوە، وەسیەتنامەی پێشــەوا قازی محەممەد دەتوانێت بە باشــی دەرخەری ئەم بنەمایــە بێت. قازی محەممەد وەک ئەحمەدی خانــی ئامۆژگاریی کوردەکان دەکات کە چــۆن خۆیان بپارێزن و ڕێکبخەن. ئــەم وەســیەتنامەیە نوێکردنــەوەی ئــەو ئامۆژگارییانــە بوو کە لە ســەدەی حەڤدەیەم لە لایــەن ئەحمەدی خانــی ڕووبە کوردەکان وترابوو. لەم وەسیەتنامەیەدا ڕوانگەی کۆماری کوردســتان و هێمای ئەو کۆمارە واتە پێشەوا قازی محەممەد بەرانبەر بە دوژمن و سیاسەتی کوردســتانییەوە ڕوون دەبێتــەوە. قــازی لە بەشێک لە وەســیەتنامەکەیدا دەنووسێت: «بۆ ڕەزامەندیی خودا دەســت لە دوژمنیی یەکتر هەڵگرن، یەک بگرن و بۆ پشــتیوانی لە یەکتر هەڵسن، لە بەرانبەر دوژمندا ڕاوەستن، خۆتان بە نرخێکی کەم بە دوژمنەکان مەفرۆشــن.... دوژمنانــی نەتــەوەی کــورد زۆرن، زۆردارن، نامەردن و بــێ ویژدانن، ڕازی ســەرکەوتنی هــەر نەتەوەیەک یەکیەتی و پێکــەوە بوونە... دوژمنی نەتەوەی کورد لە هەر تاقم و گرووپ و ڕەنــگ و ڕەگەزێک هەر دوژمنە، بێ بەزەیی و ویژدانە... لە ئیســماعیل ئاغای شــکاک، تا جەوهەر ئاغای بــرای و حەمزە ئاغای مەنگوڕ و چەندیــن و چەنــد قارەمانێکی دیکە فریوی ئــەم زۆردارە مەلعوونانەیان خــوارد و ناپیاوانە شەهید کران...» (لە ماڵپەڕەکانەوە). وەک دیارە پێشــەوا بە ڕوونی باس لە دوژمنانی نەتەوەی کــورد دەکات و بە مەلعوون و بــێ بەزەییان دەزانێت و وەک قارەمان چاو لە سمکۆ دەکات کە شــەهید بووە. بە ڕوونی باس لە دوژمنێکی گشــتی دەکات کە بنەمای لە ســەر سڕینەوە و بندەســتبوونی کورد دارێــژراوە، بۆیە قازی بانگــی نەتەوەی کورد دەکات بــۆ داژیەتی لە بەرانبەر ئەم دوژمنــە یەکبگرن. ئەمە بناغەی ئانتاگۆنیســمێکە کە سەرکردایەتیی کلاسیکی کورد وێرای ئەوەی تا چەندە شــارەزای پرسی ناسیۆنالیستی بووە، سیاســەت و ستراتیژی و ئەکتی خۆی لە سەر دامەزراندووە.

## سیاســەتی ئاگۆنیســمی بزووتنەوەی کوردستان

هەمــوو بزووتنــەوە ســەربەخۆییخوازەکان بە ڕێبەرایەتیی ســەرکردایەتیی کلاسیکی کورد کە خاوەنــی پێگەیەکی جەماوەریی بە هێز لە نێو خەڵکدا بوون، تووشــی شکست هاتن. ئەم شکســتە بووە هۆی دوو جێگۆڕکێی بنەڕەتی لــە بزووتنــەوەی کوردســتان. جێگۆڕکێــی ئانتاگۆنیسم و ئاگۆنیسم و هەروەها جێگۆڕکێی ســەرکردایەتیی کلاســیکی کــورد و وردە بورژوازیی کورد. تا پێش ئەم شکستە، ڕێبەریی بزووتنــەوەکان بە دەســتی ســەرکردایەتیی کلاســیک بوو و وردەبورژوازیــی کورد لە ژێر کاریگەریــی ئەم ســەرکردایەتییە بوو. جەمال نەبــەز لــەم بارەیــەوە دەنووســێت: «هوردە بورژوایی کورد- بە پێچەوانەی سەرکردەیەتیی کلاسیکەوە، کە جەماوەری ڕەش و ڕووتی کورد پشتگیریی دەکرد، خۆی هیچ جەماوەرێکی لە کوردستاندا لە پشتەوە نەبوو. بێجگە لەوەش کە جەنگی جیهانیی دووەم بڕایەوە، سەرکردەیەتیی کلاســیکی دەســەڵاتداری خاوەن جەماوەری وەک قــازی محەممــەد یــان بارزانی چەنگ نەدەکــەوت کە هــوردە بورژوایی ڕۆشــنبیر خۆی بخاتە پاڵی. لەبەر ئــەوە هوردەبورژوایی کورد ناچار بوو ســتراتیژیی خۆی بگۆڕێت و لە سەربەخۆییی کوردستانەوە بیکاتە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان» (نەبەز، ٢٠٠٧: ٩٥). گۆڕینی ستراتیژی

لە سەربەخۆیی بۆ ئۆتۆنۆمی، وەک جێگۆڕکێی ستراتیژی ئانتاگۆنیسمی بە ئاگۆنیسمی پێناسە دەکەین.

کوردایەتی بە واتای ئانتاگۆنیستی سێ پرەنسیپی هەیە. یەکەم، باوەڕ بە نەتەوە بوونی کورد، دووەم، باوەڕ بە داگیربوونی کوردستان، و سێیەم باوەڕ بە خەبات لە پێناوی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان. ئەم پرەنسیپانە کەم و زۆر لە هەموو بزووتنەوەکانی پێشووی کورددا ڕەنگدانەوەیان هەبوو بە تایبەت لەو ڕێکخراوانەی بەشێک لە خوێندەوارانی کوردستان لە ژێر کاریگەریی سەرکردەی کلاسیکی کورد دایانمەزراندبوون. بەڵام ئەم پرەنسیپانە بە هۆی دۆڕان و شکستێکی مەیدانییەوە تووشی ئاڵوگۆڕ هاتن و دەستەبژێری کورد بە ناچار ڕێگایەکی تری هەڵبژارد و ئەو پرەنسیپانە وەک ئارمان و یۆتۆپیایەکی خەیاڵی مایەوە، ئەگەرچی هەموو کەسایەتی و دەستەبژێرەکانی کورد ڕەواییی خۆیان لەو ئارمانەوە وەردەگرت.

ستراتیژیی ئاگۆنیسمی ئەو سێ پرەنسیپەی بە جۆرێکی تر دارشتووە. نەتەوەبوونی کوردی وەک هێڵی سوور دەستنیشان کرد و پێگەی ئەوی تری کوردی لە دوژمنەوە بۆ نەیار گۆڕی و لە بارەی مافی دیاریکردنی چارەنووس ناچار ئۆتۆنۆمیی هێنایە ئاراوە. واتە ستراتیژییەک کە سیاسەتی کوردی پاش کۆماری کوردستان ڕەچاوی دەکات، خاوەنی هەندێک تایبەتمەندییە. یەکەم پاراستنی ناسنامەی کۆیی واتە نەتەوە بوونی خۆی، دووەم جەخت کردنە سەر مۆدێلێک لە دیموکراسی کە پارێزەری ئەو ناسنامەیە بێت و دامەزراندنی کیانێکی خۆبەڕێوەبەر. ئەم جێگۆڕکێیە دەتوانێ بە مانای ئەوەش بێت کە لە سیاسەتی ئاگۆنیسمی کوردیدا ناوەڕۆک گرنگیی زیاتری هەیە. بۆیە قاسملوو دەڵێت: «شکل گرینگ نییە، ئەوەی گرینگە نێوەڕۆکە. هەر کاتێک گەلی کورد لە ئێراندا بە مافێکی ئەوتۆ گەیشت و لەو ڕاستییە گەیشت کە ئیدی لە ژێر ستەمدا نیە و ئەوە بۆ خۆیەتی لە چارەنووسی خۆیدا دخاڵەت دەکا، بە پێداگرتنەوە دەبێ بڵێم کە لە حاڵەتی ئاوادا گرینگ نییە کە ئایا گەلی کورد بە خودموختاری گەیشتووە یان سەربەخۆیی، چونکە هەردووکیان بە کردەوە یەک نێوەڕۆکیان هەیە» (قاسملوو ۲۰۰۶: ۳۶).

عیرفان مستەفا بیرمەندی کورد بە شێوازێکی تر گرنگایەتیی ئەم ناوەڕۆکە ئاگۆنیسمییە لە بزووتنەوە کوردییەکاندا کە خواستی ئۆتۆنۆمییان هەیە نیشان دەدات. عیرفان مستەفا دەنووسێت: «ئۆتۆنۆمی بە پێی بنەمای کوردبوون ئەوەیە کە دەسەڵاتی سیاسی و ئیداری و کولتووری لە ناو دەوڵەتی مۆدێرندا کە دەسەڵاتێکی ناوەندییەوە، بگۆڕێت بۆ چەند دەسەڵاتێکی ئۆتۆنۆمی و ناوچەیی...ئەو جۆرە لە ئۆتۆنۆمی کە بزووتنەوە کوردییەکان لەسەر بنەمای کوردبوون داوای دەکەن، لە لۆجیکی سیاسیی دەوڵەتە مۆدێرنەکاندا مانای دابەشبوون و جیابوونەوە دەگەیێنێ و بە پێی ئەم لۆجیکە جێبەجێکردنی داوایەکی لەو جۆرە تەنها نەتەوەکە ناکات بە دوو پێکهاتەی نەتەوەییی سەربەخۆ، بەڵکوو دەوڵەتەکەش دەکات بە دوو دەوڵەتی سەربەخۆ.... واتە گۆڕینی حکوومەتی ناوەندیی ناو دەوڵەتە بۆ چەند حکوومەتێکی سەربەخۆ لە سیاسەت و کولتوور و بەڕێوەبردندا بە بێ دابەشبوونی دەوڵەتەکە بۆ چەند دەوڵەتێکی سەربەخۆ... ئەو ئۆتۆنۆمییە کە بزووتنەوە کوردییەکان داوای دەکەن، وەرگرتنی کۆمەڵە مافێکی کولتووری و ئیداری نییە، داوایە بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە کە دەوڵەتە نەتەوەییەکەی لەسەر دامەزراوە...» (مستەفا، ۲۰۱۱: ۵۴۳-۵۴۲).

ئەم ئاڵوگۆڕە دەستپێکی قەیرانێک بوو لە بزاڤی سیاسیی کوردستاندا. واتە سیاسەتی ئانتاگۆنیسمی کوردی و سیاسەتی ئاگۆنیسمی کوردی کەوتنە مشتومڕەوە. ژێرخانی بزووتنەوەی کوردستان لە سەر

بناغەی ئانتاگۆنیسم داڕێژرابوو، بەڵام بزاڤی سیاسی ناچار بوو بە فەرمی سیاسەتێکی ئاگۆنیسمی ڕەچاو بکات. کەلێنێک لە نێوان ڕۆحی بزووتنەوەکە و جەستەی بزووتنەوەی کورد ساز بوو کە لە درێژاییی بزاڤی کوردستان بە شێوازی جۆراوجۆر خۆی دەرخستووە. ئەم کەلێنە لە سەردەمێکدا بۆ سەردەمێکی تر چالاک و سڕ کراوە. بەڵام زۆر جار خۆی لە دووانەی ئارمانخوازی و ڕیئالپۆلێتیکدا پێناسە کردووەتەوە. لەوێدا کە ئارمانی سیاسیی کورد هەیە، ڕوخساری دزێوی واقعیەتیش دانیشتووە، لەوێدا کە واقیعی سیاسی هەیە، ئارمانیش قورساییی خۆی هەیە. قەیرانەکە لەوێوە سەر هەڵدەدات کە بزوێنەری ئەوەی دێتە پانتاییی ئایدیۆلۆژیی کوردایەتییەوە، ئارمانی کوردایەتییە کە بناغەی لەسەر ئانتاگۆنیسمی کورد و فارس، یان کورد عەرەب یان کورد و تورک داڕێژراوە، بەڵام ناچارە خۆی لە سیاسەتێکی ئاگۆنیسمی ببینێتەوە، کە بریتییە لە دیموکراسیخوازی و هەر جۆرە ئۆتۆنۆمییەک. وێڕای ئەوە کەسایەتیی سیاسیی کورد و ڕێکخراوەکان چاوێکیان لە کوردایەتی بە واتا ئانتاگۆنیسمییەکە و چاوێکیان لە کوردایەتی بە واتا ئاگۆنیسمییەکەیە. واتە ناتوانێت سەربەخۆییی کوردستان ڕەت بکاتەوە، چون بناغەی خۆی لەدەست دەدات و بەڵام ناشتوانێت بە فەرمی داوای بکات. میتۆدی خەباتەکەشی، چەکداربوونی، پێناسەکردنی هێزێکی نەتەوەیی بە ناوی پێشمەرگە، بوونی ئاڵای تایبەت بە خۆ، بەشداریی چالاکانەی لە پارچە جیاوازەکانی کوردستان و تەنانەت شەهید بوونی لە پێناوی پارچەیەکی تر لە کوردستان، هەموو دەرخەری ئەوەیە کە بزوێنەری کوردایەتی، ئەکت و تێکۆشانی تاکی کورد لەسەر بنەمای ئارمانی کوردایەتییدا داڕێژراوە.

کەسایەتیی سیاسیی کورد کە مێژوو دەنووسێت، کە لە کوردایەتی دەپەیڤێ، باس لە پارچەپارچە بوونی کوردستان و داگیر بوونی کوردستان دەکات، بەڵام کە دێتە سیاسەتی فەرمییەوە، لە دیموکراسی و دیموکراتیزە بوونی ئەو وڵاتانە دەدوێت کە کوردستانیان بەش کردووە، واتە کەسایەتیی سیاسیی کورد لە سیاسەتی فەرمیدا خۆی نییە. بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان، ڕێبەرانی سیاسی، ڕێکخراوەکان و هتد، لە سەردەمی پارادایمی ئاگۆنیسمیدا، ڕۆخسارێکی ژانووسیان هەیە. کولتووری زاڵ، فەرهەنگی سیاسیی نێو بزووتنەوەکە، واتاکانی و بزوێنەری سۆز و عاتیفەی خەڵکی، لاینگری لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پیرۆزیی ئاڵا و هێما نەتەوەییەکانی هەر هەموو گوزارشت لە بناغە و کاکڵەی جووڵانەوەی کوردستان بۆ سەربەخۆییی کوردستان دەکات. بەڵام سیاسەتی فەرمیی ڕۆخسارێکی تری هەیە. کۆی بزووتنەوەی کوردستان لە دەورەی سیاسەتی ئاگۆنیسمی، ئەم ڕۆخسارە ژانووسیەی پێوە دیارە.

بۆ میناک دەتوانین ئاماژە بە دکتۆر قاسملوو بدەین. کە لە چۆنیەتیی ناساندنی خۆیدا لە وتووێژێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بیانی کارۆڵ پرووهوویێر دەڵێت: «کاتیک کەسێک بیوگرافی دەنووسێ، دەبێ بڵێ کاتێک سمکۆ کوژرا ئەمن لە دایک بووم» ( پرووهوویێز،٢٠٠٩: ٣٠٢). وتەکەی قاسملوو بەو مانایە دێت کە لە ساڵێکدا کە ڕێبەرێکی سیاسیی کورد بە دەستی دوژمنانی کوردستان شەهید بوو، ڕیبەرێکی تر لە دایک دەبێت. واتە قاسملوو بەردەوامییەک لە بزووتنەوەی کوردستاندا لە پێش سەردەمی مودێرن و سەردەمی مودێرن دەبینێت. بە واتایەکی تر خۆی بە درێژەدەری ڕێبازی سمکۆ کە ڕێبازێکی ئانتاگۆنیسمی کورد و عەجەم بوو دەزانێت. وێڕای ئەوە بەرگری لە مافی دیاریکردنی چارەنووس لە فۆرمی سەربەخۆییدا دەکات، واتە پابەندە بە ئارمانی گەلی کوردستانەوە و هەمیش زیاتر لە هەموو کەس باسی دیموکراسی دەکات. ئەگەر بە شێوەیەکی مێژوومەند ڕوانگە و بیر و

بۆچوونی قاسملوو لێک بدەینەوە، حاشای لێ ناکرێت کە قاسملوو لە ژێر کاریگەریی هزری چەپ و مارکسیسم بووە کە لەو سەردەمدا هزرێکی زاڵ بووە، بۆیە گەیشتن بە دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بەستووەتەوە بە دژایەتیی ئیمپریالیزم و رووخانی ئیمپریالیزم، بەڵام لەگەڵ ئەوەش لە بارەی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەنووسێت: «کوردیش وەک هەموو نەتەوەیەک مافی دیاریکردنی چارەنووس و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە. سروشتێکی تایبەت کە لە مەسەلەی کورددا هەیە ئەوەیە کە مەسەلەکە تەنیا جیابوونەوە نییە، بەڵکوو پێش هەموو شتێک یەکگرتنەوەیە... ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین مافی نەتەوەی کوردە بۆ یەکگرتنەوە لە نێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا...هەر ئەندازە یەکگرتنەوەی کوردستان دوور و ناڕاست بێتە بەرچاو، حەق ئەوەیە دانی پێدا بنرێت کە کورد مافی دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی هەیە...» (قاسملوو، ٢٠٠٤: ٢٧٦). بەڵام قاسملوو وەک ڕێبەرێکی سیاسی، پرۆژەی سیاسیی خۆی لە سەر بناغەی ئاگۆنیسم دادڕێژێ کە باس لە دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەکات. هەر بۆیە لە نامیلکەی کورتەباسدا دەنووسێت: «لەبارى مەسەلەی نەتەوەییە، نیوەرۆکی ئەم مەسەلەیە لە ڕاستیدا ئەستاندنی مافی «دانانی چارەنووس»ە. ئەم مافە دەکرێت بە چەند شێوە جێبەجێ بکرێ: یەکەم؛ بە شێوەی سەربەخۆیی ... دووەم؛ بە شێوەی «فیدراڵیزم» واتە وەرگرتنی مافی نەتەوەیی لە چوارچێوەی حکوومەتێکی فیدراڵدا. سێهەم؛ خودموختاری. ئێمە بە لەنەزەرگرتنی وەزعی کوردستانی ئێران و وەزعی تایبەتی ئێران و وەزعی گشتیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، خودموختاریمان هەڵبژاردووە..» (قاسملوو، ٢٠٠٣: ٩). وەک دیارە ڕیالپۆلیتیک لە سیاسەتی قاسملوودا ئەولەویەتی هەیە. چونکە سیاسەتی خۆی بە پێی دۆخی ناوخۆی کوردستان، دۆخی ئێران و دۆخی گشتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دارشتووە.

لە ڕوانگەی قاسملووەوە، خودموختاری پەیوەندیی بە دیموکراسییەوە هەیە، واتە ئەگەر دیموکراسی نەبێت گەرەنتییەک بۆ خودموختارییش نییە، بۆیە لە شرۆڤەی دروشمی دیموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان دەنووسێت: «... هاتووینە سەر ئەو بڕوایە کە بە بێ دیموکراسیی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەگەر ئێمە خودموختارییشمان دەست کەوێ، ئەو خودموختارییە زامنێکی دیکەی نییە.» (قاسملوو، ٢٠٠٦: ٢٨٥). مەبەستی قاسملوو لە دیموکراسیی ڕاستەقینە هەمان ڕەهەندی ئاگۆنیسمییە، ئەم شێوازە لە دیموکراسی تەنیا قەتیس نابێتەوە بۆ سەر مافی شارۆمەندی و ئازادییە کەسییەکان، بەڵکوو دیموکراسی لە سەر بناغەی ئاگۆنیسم یان ئەوی کە لە ئەدەبیاتی سیاسی بزووتنەوەی کوردیدا هەیە دیموکراسیی ڕاستەقینە وێڕای پاراستنی ئازادییە کەسییەکان، باس لە پاراستنی ناسنامە کۆییەکان دەکات. لەم مۆدێلەدا ناسنامە کۆییەکان ڕەت ناکرێنەوە، بەڵکوو بە فەرمی دەناسرێن. هەر وەک دیارە سیاسەتی ئاگۆنیسمیی کوردی ئاگاداری ڕەهەندی ئانتاگۆنیسمییە؛ لە هەر کوێ باس لە ئۆتۆنۆمی دەکات، پاساوێک بۆ ئەم دروشمە و هەڵنەگرتنی دروشمی سەربەخۆیی دەهێنێتەوە. کۆی ئارگیۆمنتەکانی بە پێی واقعی سیاسی دادەڕێژێت. لەم سیاسەتەدا ئەوە ڕیالپۆلێتیکە کە سیاسەتی کوردی دیاری دەکات. بەڵام ئارمانی سەربەخۆیی لە هەست و نەستی گەلی کوردستاندا ئەوەندە بەهێزە کە هەموو ڕێکخراوەکان و ڕێبەرانی سیاسی، ناچارن وڵامێکیان بۆ ئەم ئارمانە هەبێت. هەر ئەمەش وا دەکات کە بزووتنەوەی کوردی ڕوخسارێکی ژانووسی بگرێت. بەڵام ئەم ڕۆخسارە بەرەورووی ڕەخنەیەکی جددی بووەتەوە.

لە ڕوانگەیەکەوە دەکرێ پشتیوانی لە

سیاسەتی ئاگۆنیسمی بکرێ؛ لە ویدا کە بناغەی لەسەر دێموکراسیی ڕاستەقینە، پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی و هەڵوەشاندنەوەی ئیران لەسەر تەوەرەی نەتەوەی فارسە. بەڵام دەکرێت لە ڕوانگەی ئانتاگۆنیسمییەوە بدرێتە بەر ڕەخنە ئەگەر ئەویترەکان ئامادە نەبوون دەسەڵات بەش بکەن، ناسنامەی نەتەوەیی کورد بەفەرمی بناسن، ئەگەر نەتەوەی سەردەست ئامادە نەبوو دێموکراسیی ڕاستەقینە قبووڵ بکات، کورد دەبێ چ ڕێگایەک بگرێتە بەر؟ یان ئەگەر دێموکراسی ئەوەندە بەهێزبوو لە ئێراندا چما لە جیاتی ئۆتۆنۆمی، سەربەخۆیی هەڵنەبژێرین؟ ئەمە ئەو پرسیارانەن کە لە گۆڕینی پارادایمی سەربەخۆیی بۆ ئۆتۆنۆمی، هەر لە سەرەتاوە تا ئێستە بەردەوام لە بزووتنەوەی کوردیدا هەن و هەنووکەش لە دوای بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی، زیاتر لە هەموو کاتێکی تر کەوتوونەتە ڕۆژەڤ. لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادیدا بنەڕەتیترین پرسی ناوخۆیی کوردستان، وروژاندنی زیاتری ئەو پرسیارانە بوو. لە ئێستا ئەم پرسە واتە "چی کردن؟" کاکڵەی فیکریی چالاکان، ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕووناکبیری کوردە. دوو ئاراستە هەیە کە هەردوو باوەڕیان بەوەیە کە ئەم ڕۆخسارە ژانووسیە دەبێ ببێ بە ڕۆخسارێکی یەکە. یان ئاوێتەبوونی یەکجاری لەگەڵ نەتەوەی سەردەست و یان گەڕانەوە بۆ پارادایمی ئانتاگۆنیسمی.

## گەڕانەوە لە نێوانی ڕێگای سێهەم و دیواری ئێتنیکی

دوای زیاتر لە حەوت دەیە دەبێت دان بەوەدا بنرێت کە ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد هێشتا بە شێوەیەکی فەرمی لە چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش بووە، دانی پێدانەنراوە. ئاسۆ و دووره دیمەنی گەیشتن بە دیموکراسی -بەو جۆرە کە کورد دەیەوێت- لە ڕۆژهەڵاتی ناوین لێڵ و ناڕوونە. هەر ئەمەش وای کردووە کە باس لە گۆڕینی پارادایمی ئاگۆنیسمی بکرێت. ئەم گۆڕینی پارادایمە زیاتر خۆی لە چوارچێوەی "مافی هاووڵاتی" بوون دەبینێتەوە. لە گۆڕینی پارادایمی ئانتاگۆنیسمی بۆ ئاگۆنیسمی، کوردایەتی بە شێوەیەکی تر خۆی دارشتبوویەوە، واتە بناغە و هێڵە سەرەکییەکانی خۆی لەدەست نەدابوو. بەڵام لە گۆڕینی پارادایمی ئاگۆنیسمی بۆ مافی هاووڵاتی یان دێموکراسییەتێکی لیبراڵ لە سەر بناغەی تاک -نەک ناسنامەی کۆیی- کوردایەتی بە تەواوی دەخرێتە پەراوێزەوە. واتە لەم سیاسەتەدا دیار نییە کە جیاوازیی نێوان مرۆڤێکی کورد و مرۆڤێکی فارس لە چیدایە؟ تایبەتمەندییەکانی بزاڤی کوردی و خواستەکانی ون دەبن. لێرە دوو پاشەکشەی بنەڕەتی ڕوو دەدەن، یەکەم پاشەکشە لە کوردایەتی و دووەم پاشەکشەکردن لە دیموکراسیی ئاگۆنیسمی یا ڕاستەقینە بۆ دێموکراسیەتی لیبراڵ. لەم ستراتێژییە هەموو ڕەخنەگرەکان دەبن بە ڕادیکالیست و سیاسەت وەک پانتاییەک بۆ ئیمکانەکان تا خوارترین ئاستی خۆی ئیمکانەکانی بەرتەسک دەکاتەوە. ئەم ڕوانگەیە سەرەڕای ئەوەی دژبەرانی خۆی بە ڕادیکالیست نێودەبات، بەڵام خۆی لە پەرەگرتنی ئەم ڕادیکالیسمە ڕۆڵی تایبەتی هەیە. موفە لەبارەی دێموکراسیی ڕۆژئاوا کە بناغەی لەسەر تاک دارێژراوە نەک سیاسەتێکی ئاگۆنیسمی، باوەڕی وایە ڕەهەندی کۆیی سیاسەت لە بەین ناچێت. ئەو بانگەوازەی باسی سەرکەوتنی تاکگەرایی دەکات دروست نییە و دژی سیاسەتی دیموکراتیکە. ئەگەر ناسنامە کۆییەکان لە سیاسەتی حیزبە سوننەتییەکاندا نەبن، بە ئەگەری زۆر خۆیان لە ڕێگەیەکی ترەوە نیشان دەدەن. ئەمە ڕووداوێکە کە لەڕێگەی گوتاری پۆپۆلیستی دەستەڕاستی خۆی نیشان دەدا و بە لاوازبوونی چەپ/ڕاست جۆرێکی نوێ لە ئێمە/ئەوان بەرهەم دێت. (موفە، ۱۳۹۱:۷۴). بانگەوازی نەبوونی دوژمن، پاشەکشەکردن لە سیاسەتی کوردستانی و ناسنامەی کۆییی

کوردستان بۆ جورێک لە دیموکراسی لەسەر بناغەی تاک و مافی هاووڵاتی، ئەویش بە پاساوی مەدەنیەت، دژی ناوەرۆکی گوتاری نەتەوەییی خەڵکی کوردستانە. بێجگە لەوە ئەم گوتارە خۆی لە پەرەگرتنی جۆرێکی تر لە توندئاژوویی کە خۆی لە بەرانبەریدا پێناسە دەکات ڕۆڵی هەیە. واتە ئەم گوتارە دژی بناغە فیکرییەکانی خۆیەتی. چونکە بابەتی سیاسی لە کوردستان لەسەر بناغەی ئێمە و ئەوان دارێژراوە؛ ئەگەر لە ڕێگای ڕێکخراوەکاندا ئەم سیاسەتە ڕەچاو نەکرێت، ئەوە لە شوێنیکی تر و ڕەنگە توندئاژۆتر سەرهەڵدەدات و خۆی دەردەبڕێت.

دیارترینی ئەم هەوڵانە کە وەک ڕێگای سێهەم پێناسەی دەکەین، لەو بانگەوازانەدا دەبینرێت کە بەردەوام باس لە نەبوونی دوژمن لە بەستێنی سیاسیی کوردستان و هەروەها ئەو هەوڵانەی کە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی لەسەر لانی کەمەکان کە دیارترینیان مەنشووری جۆرج تاون بوو دەردەکەوێت. نەبوونی دوژمن لە بەستێنی سیاسەتی کوردستاندا بە واتای بردنە ژێر پرسیاری بناغەی ئانتاگۆنیسمی و ئاگۆنیسمیی سیاسەت و ئەو پرەنسیپانە دێت کە کۆڵەکەی سەرەکیی کوردایەتین. بێجگە لەوە بانگەوازی دۆستایەتی لەگەڵ هەموو جیهان و نەبوونی دوژمن بە وتەی شمیت بە واتای وەدەرنانی خۆت لە سیاسەت پێناسە دەکرێت. نەتەوەیەک کە دوژمنی نییە، پێویستی بە سیاسەت نییە. بەدەر لەوە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانی بە بێ ڕەچاو کردنی تایبەتمەندییەکان واتە پاراستنی ناسنامە کۆییەکان، هەم لادان لە کوردایەتییە و هەمیش پاشەکشەکردنە لە دیموکراسی.

ئەم هێڵە فیکرییە لە لایەن ڕیفۆرمخوازی کوردەوە و لە نێو پێکهاتەی سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش ڕەچاو دەکرا. واتە پەراوێزخستنی ڕەهەندی ئانتاگۆنیسمی و ئاگۆنیسمی، پێناسەکردنی کوردایەتی وەک ڕادیکالیسم و سیاسەتێکی دۆڕاو و پەراوێزخستنی ناسنامەی نەتەوەییی کورد و دارشتنی سیاسەت لە سەر لانیکەمەکان و ئازادییە کەسییەکان و خۆشبژێویی تاک. بە هەمان شێوە پارادایمی مافی هاووڵاتی یان ڕێگای سێهەم ئەو خواستانەی لە نێو پێکهاتەی سیاسیی نوێ لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامی هەیە. ئەم ڕوانگەیە بەردەوام دۆڕان، لاوازیی دیپلۆماسیی خۆی، قبووڵ نەکران لە لایەن ئەویترەوە و پاشەکشەی مەیدانی، بە پاشەکشەی گوتاری وڵام دەداتەوە کە دەرئەنجامی لادان لە جەوهەری بزووتنەوەی کوردستان بە پاساوی سیاسەت کردنە. لەم ستراتێژییەدا بابەتی سیاسیی وەک بەریەککەوتنی دۆست و دوژمن یان دۆست و نەیار دەخرێتە پەراوێزەوە. بەتاڵکردنی سیاسەت لە دۆست و دوژمن یان "ئێمە"/"ئەوان" لە لای موفە، وەک ڕوانگەی پاش-سیاسی پێناسە دەکرێت. واتە ململانێ و بەریەککەوتن جێی خۆی دەدا بە کۆدەنگی و ڕێککەوتن، ناسنامەی کۆیی جێی خۆی دەدا بە "تاک". ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەی کۆدەنگی یان ڕێککەوتن نییە، بەڵکوو بە مانای ئەوە دێت کە کۆدەنگی و ڕێککەوتنەکان لە ناوەرۆک بەتاڵ کراون. پرسی نەتەوەیی بۆ پرسی دیموکراسییەتی سیکۆلار و مافی هاووڵاتی سڕ کراوە؛ واتە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد، لە ناوەرۆکی نەتەوەیی بەتاڵ دەکرێت. بۆیە کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان بەردەوام ئەم پرسیارانە دەورووژێنێت: ڕێککەوتن لەسەر چی؟ کۆدەنگی لەسەر چی؟

## دیواری ئیتنیکی

هەر لەم چوارچێوەیەدا بەشێک لە ئەکادیمیسیەنی کورد وەک "عەباس وەلی" باس لە شکانی دیواری ئیتنیکی لە نێوان کورد و باقی پێکهاتەکانی نێو ئێران دەکەن. وەلی لە شرۆڤەی ئەم ڕوانگەیەدا دەڵێت: «وەختی ئەوە گەیشتووە لە دیواری ئیتنیکیی

سیاسەتی کوردی تێپەڕ ببین و مەیدانێکی تازە بۆ خۆمان بکەینەوە، تێپەڕبوون بە مانای دەستکێشان لە هۆویەتی نەتەوەیی نییە...[۱]» وەلی باسەکەی قەتیس دەکاتەوە سەر بابەتێکی گرنگ لە سەپاندنی دەسەڵات کە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە. بۆیە دەڵێت: «لە دەرەوەی لایەنی سەختی دەسەڵات وەک زەبروزەنگ و زیندان کە دەوڵەت بەوە ناسراوە.. هەوڵ دراوە لە چوارچێوەی دەوڵەت-میللەتی مۆدێرندا، ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی مودیرییەت بکرێت... ئەو مودیرییەتە بنەمای کۆنترۆڵێکی زۆر زۆر گەورەترە لە مەسەلەی زەبروزەنگ... دەوڵەت هەوڵ دەدات ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی، خواردن، نوستن، بێهداشت، قوتابخانە و ... بە شێوەیەکی نادیار و نەبینراو کۆنترۆڵ بکات ... بنەمای ئەو مەیدانە تازەیە کۆمەڵگای مەدەنییە ... ئەو مەیدانە لە چوارچێوەی جوگرافیای وڵاتەکەدایە، بۆیە جیاوازییەکانی ئێتنیکی، ڕەنگی و جنسیەتی بەو شێوەیە ڕەنگ ناداتەوە ... ئەوە بنەمایەک دێنێتە پێشێ بە دژی دەسەڵات ... دەبێ حزوورێکی زۆر چالاکمان لە مەیدانی ژین-سیاسەت هەبێت»[۲]

بنەمای ئارگیۆمنتەکانی وەلی لەسەر بیروبۆچوونەکانی فۆکۆ لەبارەی دەسەڵاتەوە داڕێژراوە. فۆکۆ مانایەکی بەربلاو بۆ دەسەڵات دادەنێت و وەک تۆرێکی بەربلاو لە پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگادا پێناسەی دەکات، واتە لە لای فۆکۆ دەسەڵات تەنیا ڕەهەندی قەزایی و زەبروزەنگ نییە. «بە بۆچوونی فۆکۆ سیستەمی دەسەڵات لە دونیا و کۆمەڵگای مۆدێرن، زۆر قووڵتر و نادیارتر لە دەسەڵات لە سیستەمە سوننەتییەکانە ... بۆ تێگەیشتن لە دەسەڵات لە دونیای نوێدا دەبێت لەسەرووی پێناسە کلاسیکەکانی دەسەڵات بگەڕێن ... بە بۆچوونی فۆکۆ، دەسەڵات بەدەستی کەسانێکی تایبەتەوە نییە. دەسەڵات مەجموعەیەکی ئاڵۆز و تۆڕێکە لە پەیوەندییەکان» (حقیقی، ۱۳۷۹: ۱۹۳-۱۹۱).

وەک دیارە باسەکەی وەلی دەبێت لە سەرەوەی ئەو پێناسە کلاسیکە کە بۆ دەسەڵات هەیە بخوێنرێتەوە. واتە وەلی باس لە دەسەڵات-ژین و سیاسەت-ژین دەکات. ئەم شێوازە لە کۆنترۆڵکردن یان سەپاندنی دەسەڵات، لەگەڵ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی گرنگ وەک «حەشیمەت» هاتە کایەوە. «سیاسەت-ژین لەگەڵ حەشیمەت سەروکاری هەیە، حەشیمەت وەک پرسێکی سیاسی ... وەک پرسێکی ژینەیی و پرسی دەسەڵات» (فوکو، ۱۳۹۱:۳۲۶) لەم شێوازە ژیان دەبێتە ئۆبژەیەک بۆ دەسەڵات.

تێپەڕ بوون لە دیواری ئێتنیکی لێکچوونی هەیە لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەی گیدێنز کە پێی وایە لە سەردەمی کۆمەڵگای پیشەییدا دەبێت لە دەرەوەی دوانەی چەپ و ڕاست بیر لە سیاسەتێکی تر بکەینەوە، کە پێی دەڵێت سیاسەتی ژیان. بە بۆچوونی گیدێنز «سیاسەتی ژیان لە پەیوەندی لەگەڵ بڕیارەکانی ژیاندایە» (گیدنز، ۱۳۸۶: ۵۱). کە «بریتییە لە باس و بابەتی ژینگە، گۆڕانی جەوهەری بنەماڵە، کار و ناسنامەی کەسی و فەرهەنگی..» (هەمان، ۵۱). بە وتەی گیدێنز هیچ کام لەم بابەتانە تەنیا پەیوەندیی بە چەپ و ڕاستەوە نییە، بەڵکوو پەیوەندیی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە. بە هەمان شێوە وەلی پێی وایە ئەم پرسانەی کە دەچێتە چوارچێوەی ژین-سیاسەتەوە، پەیوەندیی بە ئێتنیکەوە نییە. هەر بۆیە دەڵێت: «لە کاروباری ڕۆژانەی ژیان، جیاوازییەک لە نێوان بنەماڵەیەکی تارانی و ئیسفەهانی و کورددا نییە و هەموو وەک یەک دەکەونە بەر ئەم شێوازە لە دەسەڵات»[۳]

وەلی ئامانج لەو سیاسەتە واتە شکاندنی دیواری ئێتنیکی ئاوا ڕوون دەکاتەوە کە: «... دەبێت سیاسەتێکی گەورە لە چوارچێوەی ژین- سیاسەت لە ئێران هەبێ، ئەگەر ئەوە نەبێ، ئەتۆ ناتوانی بنەمایەک بۆ قسەکانت لە

پاشەڕۆژدا، وەختێکی ڕژێم ڕووخا لە هیچ کوێی ئێـران بێجگە لــەو چوارچێوەیەی جوگرافیای ڕۆژهەڵات بدۆزیتـــەوە». دیارە کە وەلی ئەوەی وەک ڕێگایەک بۆ ڕەوایی سیاســیی پرســی کوردســـتان و ڕێکخـــراوە سیاســییەکان لــە داهاتـــووی دوای کۆمـــاری ئیسلامیـــی ئێران دەکات؛ بۆیە بە هێنانەوەی ئیدیۆمێک دەڵێت: «ئەتــۆ نابــی مەوعزە بۆ کەســێک بکەیت کە ئیمانی هێنـــاوە، دەبێ مەوعەزە بۆ کەســێک بکەی کــە ئیمانی نەهێناوە و تۆ ناناســێت و سیاســەتی تۆ ناناســێ، بۆیە دەبێ ئیشتراکی منافع لە حەوزەی ژین- سیاسەت هەبێت»[۴]

وەلی باس لە مەیدانێکی گەورە بۆ چالاکی دەکات، بەڵام بە دیاریکراوی ڕوونی ناکاتەوە کە مەبەست چ جۆر چالاکییەکە. ئەگەرچی وەلی ئاماژە بەوە دەکات کە ڕووخانی دیواری ئێتنیکی بە مانای دەست کێشان لە ناسنامەی نەتەوەیی نییە بەڵام پرسیاری گرنگ ئەوەیە لە دۆخێکی نایەکســان کە هەموو جومگەکانی دەســەڵات لە بەرژەوەندیی نەتەوە و ئێتنیکی فارسـدایە، کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان چۆن دەتوانێت وێڕای ڕووخانی دیواری ئێتنیکی لە-بەستینی ژین-سیاســەت دا- ناســنامەی نەتەوەییــی خــۆی بپارێزێت؟ لــە ئارگیۆمێنتەکەی وەلی، بەردەوامی و پەیوەندیی ناســنامەی ئێتنیکیی دەوڵەتی ئێرانی/فارســی، لەگــەڵ کۆمەڵگای مەدەنیــی ئێرانــی بــزر دەکرێــت. واتە هەم کۆمەڵــگای مەدەنیی ئێران و هەمیش دەوڵەت لەسەر ئەو ناسنامەیە کۆدەنگن. بەردەوامییەک و کۆدەنگییەک لــە کۆمەڵگای مەدەنیی ئێران و دەســەڵاتدا هەیە. وەلی بە دروســتی ئاماژە بــە پانتایی ژین-سیاســەت دەکات، بەڵام ئەو پانتاییە لە بەســتێنی سیاسیی ئێراندا دیسان ئێتنیک و نەتەوەی سەردەســت تێیدا ڕەنگی هەیــە. بێــکاری، نەبوونــی خزمەتگوزاریــی کۆمەڵایەتــی، لاوازبوونــی خزمەتگوزاریــی تەندروســتی و تێکدانی ژینگە لە کوردســتان کــە دەکرێت لە چوارچێوەی ژین سیاســەتدا بخوێنرێنــەوە، وێڕای ناکارامەیی سیســـتەمی سیاسی، دەتوانێت هۆکاری ئێتنیکی یان هەمان ناســنامەی ئێتنیکیی دەوڵەت لە ئێرانیشی لە پشــتەوە بێت، بۆیە ئەوە قسەیەکی بەناوبانگی کۆمەڵگای کوردستانە کە نەبوونی کۆێ ئەوانە گرێ دەداتەوە بە کورد بوون، واتە ناســنامەی نەتەوەیی خۆی. ئەم نایەکسانییە کە بە هۆی ناسنامەی ئێتنیکیی دەسەڵات لە ئێراندا هەیە، لە بەرژەوەندیــی نەتەوەی سەردەســتە، واتە کۆمەڵگای ئێرانی لەو نایەکسانییە سوود دەبات

بزوێنــەری بیچمگرتنــی کۆمەڵگایەکــی مەدەنیــی چالاک لە کوردســتان لــە بناغەدا ناســنامەی نەتەوەییە. ئەگەر بەهێزبوونێک لە کۆمەڵــگای مەدەنیی کوردســتاندا دەبینرێت، هۆکارەکەی بۆ ناســنامە و دیــواری بەهێزی ئێتنیکــی دەگەڕێتەوە. نــاوەڕۆک یان لۆژیکی بزاڤە ژینگەییــەکان، ئــەو ڕێخراوانەی کە بە دژی مادەی هۆشبەر و ڕێکخراوە مەدەنییەکان یان ئەو ڕێکخراوانە کە بە شــێوەی خۆرســک لە دۆخێکی ئاوارتە وەک ســەردەمی کۆرۆنا لە کوردســتان بیچم دەگرن، لەسەر ئەو بناغەیە داڕێژراون کە دەوڵــەت و کۆمەڵگای نەتەوەی سەردەســت، وەک ئــەوی ترێــک خوازیاری تێکدانــی ژینگــەی کوردســتانن و نەبوونی خزمەتگوزاریــی کۆمەڵایەتــی دەگەڕێننــەوە بۆ ناســنامەی ئێتنیکیی دەوڵەتــی ئێران. لە ڕوانگەی کۆمەڵــگای مەدەنیی کوردســتاندا، دەوڵەت بە شێوەی سیستەماتیک و کۆمەڵگای نەتەوەی سەردەست بە پشتگوێخستن و گرنگی نــەدان، ڕۆڵیان هەیە. لــە ڕوانگەی کۆمەڵگای مەدەنیــی کوردســـتانەوە پەیوەندیی ئێران-چ وەک دەسەڵات و چ وەک کۆمەڵگای مەدەنی و کوردستان پەیوەندییەکی کۆڵۆنیالیستییە.

دیار نییە کە وەلی کاتێک باس لە ڕووخانی دیــواری ئێتنیکی دەکات، مەبەســتی لابردنی لەمپــەری ئێتنیک تەنیا لــە بەرانبەر ئێتنیکی فارســە یان بۆ باقی نەتەوەکانیش دەبێت ئەو دیــوارە بڕووخێ. چونکــە کۆمەڵگای مەدەنیی

کوردستان بە دروستی و بە ئاگاییەوە لە زۆر شوێندا ئەو دیوارەی سڕ کردووە. لەسەر هێڵی هاوچارەنووسی، ڕەنجی هاوبەش تا ڕادەیەک توانییوە پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی-سیاسی لەتەک بەلووچ ساز بکات، واتە لە شوێن و فەزای چالاکیی خۆی دەرکەوتووە. بە شێوەیەکی دیار ئەوەی لە دۆخێکی ئاوارتە وەک لافاوی بەلووچستان کە پەیوەندیی بە پانتایی ژین-سیاسەتەوە هەیە دەرخست.

وەلی ئاماژە بەوە دەکات کۆمەڵگای مەدەنی بە دوو شێوە لەگەڵ دەسەڵات بەرەوڕوو دەبێتەوە، یەکەمیان ئەو ململانێیە کە کۆمەڵگای مەدەنی لەتەک ڕەهەندی سەختی دەسەڵات واتە دامەزراوە ئەمنییەتی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی هەیەتی و دووەمیان کە پەیوەندیی بە ژین- سیاسەتەوە هەیە و بە شێوەیەکی هاوبەش و لەسەرووی ئێتنیک لە کۆمەڵگای ئێراندا و کۆی کۆمەڵگا بە چالاک و ناچالاکەوە لە ژێر ئەم شێوازە لە دەسەڵاتن. واتە دەکرێت لە پێناوی بەرژەوەندیی هاوبەش لە سەرەوەی ناسنامەی ئێتنیکی، کۆدەنگی لە کۆمەڵگای مەدەنی ساز ببێت.[۵] دەکرێت هەمووان لەپێناو بەرژەوەندیی هاوبەش یان خەیری گشتی، دژی سیستەمی داپڵۆسێنەری کۆماری ئیسلامی کۆدەنگ بن و ڕێک بخرێن. بەڵام بە شێوەیەکی عەینی لە بزووتنەوەی ژن، ژیان، ئازادی و بە تایبەت ئەو بەشەی کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە کۆمەڵگای مەدەنییەوە بوو، ئەم کۆدەنگییە ساز نەبوو. بازاڕ لە کوردستان چەندین جار مانی گرت. سەرەڕای ئەوەی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە لایەن چالاکانی مەیدانی هەوڵ درا دەنگی مانگرتنی کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان بگاتە کۆمەڵگای مەدەنیی ئێران، کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران و بە تایبەت بازاڕ نەک پشتیوانیی نەکرد، بەڵکوو بە پێی ئەو ڕاپۆرتە مەیدانییانە کە بڵاو دەکرانەوە، بازاڕیانی ناوەندی ئێران گوشار و زەختی ماڵییان بۆ بازاڕیانی کوردستان دروست کردبوو. بۆیە دەکرێت بگوترێ کۆمەڵگای مەدەنیی کوردستان سەرەڕای ئەوەی دیوارێکی بەرزی ئێتنیکیی بە دەوری خۆیدا کێشاوە، هەندێک جار لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتی واتە دژایەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەوڵی داوە هاوبەشییەک ساز بکات و هەندێک جار بە ئاگاییەوە لە پێناوی دژایەتیی نەزمی زاڵ، واتە ڕژێمی حەقیقەتی ئێرانی/فارسی، لە سەر هێڵی هاوچارەنووسی و ڕەنجی بندەستبوون لە تەک پێکهاتە نەتەوەیییەکانی تر هاوئاهەنگ بێت.

## گەڕانەوە

بیری سەربەخۆیی بۆ کوردستان بیرێکی نوێ نییە. سەربەخۆیی کاکڵەی سەرەکیی کوردایەتییە. بۆیە هەموو ڕێکخراوە سیاسییەکان و ڕێبەرانی سیاسیی کورد بەردەوام لەبەردەم پرسیاری "سەربەخۆیی"ی کوردستان بوون و هەن. هەڵگرتنی دروشمی ئۆتۆنۆمی، پرسیاری " بۆچی سەربەخۆیی نا؟"ی لەگەڵ خۆی هێناوە. کۆی ئەو وڵامانەی بەم پرسیارە دراونەتەوە دەکرێت لە چوارچێوەی ڕیالپۆلێتیکدا بخوێنرێنەوە، نەک باوەڕ. هەر بۆیە قاسملوو لە شرۆڤەی دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان دەڵێت: «با لە پێشدا ئەوە بڵێین ئێمە وەک حیزبی دیموکرات حەقی سەربەخۆیی بۆ هەموو میللەتێکی زۆرلێکراو لەم دنیایەدا قایلین یانی حەقی جیابوونەوە، کەوابوو دەبێت ئەو حەقە بۆ خۆشمان قایل بین. ئەگەر جودا نابینەوە، داوای جودایی ناکەین، دەلیلمان بۆ ئەوە هەیە، دەبێ ئەو دەلیلە باس بکەین...» (قاسملو، ۲۰۰۶: ۲۸۹). قاسملوو لە سێ ئاستدا واتە نێوخۆی کوردستان، ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئاستی نێونەتەوەیی، ئارگیۆمێنتی خۆی بۆ داوانەکردنی سەربەخۆیی باس دەکات، کە کۆی ئەوانە دەتوانین وەک ڕوانگەی ڕیالپۆلێتیکی بخوێنینەوە. هەر سێ ئاست کە قاسملوو باسیان دەکات لە دەرەوەی بزووتنەوەی کوردیدا بەسەر بزووتنەوەکەدا سەپاون، واتە هەڵقوڵاوی باوەڕ

و ناوخۆی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان نین. ئەم ئارگیۆمێنتانە زیاتر وەک جەبرێکی سیاسی و جەبرێکی ژیئۆپۆلێتیک دەردەکەون کە بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بە ناچار دەبێت خۆی لەگەڵیان هاوتەریب بکات. واتە ویستی سیاسی و ئامانجی نەتەوەیی لەگەڵ واقیعی سیاسی بەریەک دەکەون. ئامانج دەبێت بە یۆتۆپیا و دەکەوێتە ژێر باندۆری ریالپۆلێتیک. بەڵام وردبینیی قاسملوو لەوەدایە کە ڕێگایەک بۆ نەوەی نوێ و داهاتوو دەهێڵێتەوە و لە وتووێژێکدا بە ڕوونی ئاماژە بەوە دەکات کە «ئەمن لە نەسلی خودموختاری و دیموکراسیم و بۆ ئەوە خەبات دەکەم، ئەوەی کە نەسلی داهاتوو شتێکی دیکەی بوێ گیروگرفتی ئێستای من نییە» (قاسملوو، ٢٠٠٦: ٣٥). و لە درێژەدا ئەو ویستەی نەسلی خۆی گرێ دەداتەوە بە واقیعی سیاسی و دەڵێت: «لە سیاسەتدا دەبێ واقیعیەت لە نەزەر بگیرێ» (هەمان، ٣٥)

ئەو پرسیارە جەوهەرییە کە لە هەناوی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستاندا بەردەوام لە بەرانبەر ئۆتۆنۆمیخوازیدا هەبووە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا زیاتر لە هەموو کاتێکی تر زەق بووەتەوە. زۆرێک لە نیشتمانپەروەرانی دەرەوەی حیزبە سیاسییەکان و بەشێکی بەرچاو لە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە سیاسییەکان ئەو پرسیارەیان وروژاندووە. لایەنگران و بەدەنەی حیزبە سیاسییەکان بە پشتبەستن بە جەوهەری بزووتنەوەی سیاسی و شرۆڤەکردن و تەفسیرێکی جیاواز لە مێژووی حیزبەکان بە تایبەت حیزبی دیموکرات و هەروەها بە پشتبەستن بە وتەی قاسملوو سەبارەت بە نەسلی داهاتوو خوازیاری گرتنەبەری سیاسەتێکی تر یان گەڕانەوە بۆ ستراتێژیی ئانتاگۆنیسمی لە بەرانبەر کورد و ئەویترەکان و دارشتنی ستراتێژیی سەربەخۆیی بۆ کوردستانن. ئەم نەسلە نوێیە لە بەرانبەر ئەو بیرۆکەیە کە سەربەخۆیی کوردستان بە خەیاڵ و یۆتۆپیایەکی جوان پێناسە دەکات، پێی وایە بیرۆکەی دیموکراسیی ئاگۆنیسمی یا دیموکراسیی ڕاستەقینەش دوورە لە واقیعی سیاسی. لە ڕوانگەی ئەم نەسڵەدا ئەگەر دووڕەدیمەنی گەیشتن بە سەربەخۆیی کوردستان لێڵ و ناروون و پێی لەسەر زەویی سیاسەت نییە، ئەوە دووڕەدیمەنی گەیشتن بە دیموکراسیی ئاگۆنیسمیش بە هەمان ڕادە خەیاڵی و دوورە لە واقیع. لەم ڕوانگەیەدا ئەگەر سەربەخۆیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین کە کورد بە سەر چوار دەوڵەتدا دابەش بووە، وەک بابەتێکی بەدی نەهاتوو دێتە ئەژمار، لە ژینگەیەکی سیاسیی وەک ڕۆژهەڵاتی ناوین کە شەڕ، ململانێی نەتەوەیی و ئایینی و تیرۆریزم نەک بابەتانێکی ئاوارتە، بەڵکوو یاسایەکی باوی ئەم ناوچەیەن، دیموکراسی و بیرۆکەی دیموکراسی، پێی لەسەر زەوی نییە؛ بێجگە لەوە ئەزموونی سەد ساڵەی ئەو دەوڵەتانەی کوردستانیان بە سەردا دابەش بووە نیشانی داوە کە خاوەنی کولتوورێکی کۆمەڵایەتیی دیموکراتیک نین و لە سەد ساڵی ڕابردوودا یەک لە دەوڵەتە نا دیموکراتیکەکانی ناوچە بوونە.

خاڵی گرنگ بۆ ئەوانەی ستراتێژیی خۆیان لەگەڵ ریالپۆلێتک یان سیاسەت لەسەر بناغەی «هونەری مومکین» دارشتووە، ئەوەیە کە ئەوان پێیان وایە بە یەکگرتوویی و بوون بە هێزی شوێندانەر دەتوانن ئۆتۆنۆمی لە دەرەوەی خواستی نەتەوەی سەردەست بسەپێنن، بە بێ ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوین یان لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەمپەرێکیان بۆ ساز بێت. ڕەخنەیەک کە لە نەسلی نوێ دەگیردرێت ئەوەیە کە بەردەوام باس لە باشی و سوودەکانی سەربەخۆیی و بوون بە دەوڵەت دەکرێت، بەڵام لەسەر چۆنیەتیی گەیشتن بە سەربەخۆیی پلانێکیان نییە و لە پانتایی سیاسەتی کردەییدا لەگەڵ واقیعی سیاسی ڕووبەڕوو نەبوونەتەوە. ئارگیۆمێنتی ئۆتۆنۆمیخوازەکان لە "نەتوانین"یەکەوە سەرچاوە دەگرێت

کە گرێدراوی ڕیالپۆلێتیکە. نەسلی نوێ خواستەکانیان لەسەر "توانستێکەوە" دادەڕێژن بەڵام دیار نییە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەو توانستە بێجگە لە "خەڵک" لە کوێدایە. عەباس وەلی لە وەڵامی ئەوەی کە هەستی نەتەوایەتی لە کوردستان بەهێزە دەڵێت: «هەزری چەپیش لە کوردستان بەهێزە» بۆیە ئەو پێی وایە تەنیا پشتبەستن بە هەستی خەڵک ناتوانێت وەڵامدەر بێت و داوای بەرنامەیەکی ڕوون دەکات. وەلی بە ڕەخنەگرتن لە نەسلی نوێ کە خاوەنی بەرنامەیەکی دیار نییە دەڵێت: «بۆ چی بە من ناڵێن کە قەدەمی ئەوەڵ و دووەم و سێهەم و چوارەم و ... ئەوەیە. دەبێ بەرنامەیەک هەبێ تا من بزانم دەتوانم لەگەڵی ببم یان نا..»

نەسلی نوێ بە دروستی ڕەخنە لە شێوەی هەڵسوکەوتی ئۆتۆنۆمیخوازەکان لە بەرانبەر ڕئالپۆلێتیکدا دەگرێت، بەڵام دیار نییە کە ئەم نەسلە بۆخۆی چ بەرنامە و پلانێکی لە بەرانبەر ڕئالپۆلێتیکدا هەیە. نابێ کۆی ئامانج و تێکۆشانی نەتەوەییی گەلی کورد بە پاساوی سیاسەتی «هونەری مومکین» و ڕیالپۆلێتیک بخرێتە پەراوێزەوە. سیاسەتێک کە دەیان ساڵە نەیتوانیوە لە پانتاییی سیاسەتی ئێراندا چارەسەرێک بدۆزێتەوە. نەبوونی چارەسەر نابێت بە پاشەکشەی گوتاری وڵام بدرێتەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێ ئەوەش ڕوون بێتەوە کە ڕیالپۆلێتیک لەمپەرێکی ئێجگار گەورەیە لە بەردەم بزاڤی سیاسیی کوردستاندا. کەوابوو بزاڤی سیاسیی کوردستان دەبێت لە دیالۆگێکی نیشتمانیدا ڕێگەچارەیەک بۆ دەربازبوون لەم فەزا دەرنەچووە بدۆزێتەوە.

## ئاکام

بابەتی سیاسی یان کوردایەتی، بناغەی لەسەر جیاوازی و پێناسە کردنی «ئێمەی کورد» و «ئەوانی ناکورد» (فارس، عەرەب، تورک) دارێژراوە. ئەم بناغەیە هەم لەو بزووتنەوانەی سەرکردەی کلاسیکی کورد ڕێبەرایەتیی دەکردن و هەمیش دواتر و لە ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بە هەندێک گۆڕانکارییەوە پارێزراوە. واتە مەبەستی هەر دوو لا پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییی کورد بووە، یەکیان لە فۆرمی سەربەخۆیی و ئەوەی تر لە فۆرمی ئۆتۆنۆمیدا.

لەم پێناسەیەدا ڕوانگەیەک کە ئاستی داخوازیی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی هێندێک مادە یاسای دەستووری کۆماری ئیسلامی ئێران دادەبەزێنێت، (ڕیفۆرمخوازیی کورد)، یان خواستی بزووتنەوەی سیاسیی کورد بۆ مافی هاووڵاتیبوون لە دوای کۆماری ئیسلامی دادەبەزێنێت، کە بناغەی ئەم خواستە لە سەر «تاک» دارێژراوە، لە دەرەوەی کوردایەتی پێناسە دەکات. ئەم ڕوانگەیە دەتوانێت لە کوردستان هەبێت، بەڵام ناچێتە چوارچێوەی بزووتنەوەی کوردی و کوردایەتییەوە، چونکە لە تایبەتمەندییەکانی سیاسەتی کوردستانی بەتاڵ کراوە.

لەم وتارەدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە وێڕای جیاوازییەکان، هاوبەشییەکی جەوهەری لە نێوان ئۆتۆنۆمیخوازی و سەربەخۆییخوازیدا هەیە. ئەو خاڵەی کە جیاوازیی نێوان ئەم دوو ڕوانگەیە زەق دەکاتەوە لە دەرەوەی بزووتنەوەی کوردیدا بەسەر بزووتنەوەکەدا سەپاوە. جیاوازییەکە لە نەتوانینێکی سیاسیی گرێدراو بە ڕئاڵپۆلێتیک لە لایەن ئۆتۆنۆمیخ وازان و توانایەکەوە کە سەربەخۆییخوازی بانگەشەی بۆ دەکات دەردەکەوێت. جەختمان لەسەر ئەوە کردەوە پانتاییەکی هاوبەشی زۆر لە نێوان ئۆتۆنۆمیخوازی و سەربەخۆییخوازیدا هەیە کە دەکرێت دەرگای وتووێژێکی هەمەلایەنە بکرێتەوە. کوردایەتی بابەتێکی تەنیا سیاسی نییە، بەڵکوو بارگاوییە بە ئەخلاقێکی نیشتمانییەوە. ئەخلاقییە لەبەر ئەوەی مژاری سەرەکیی گوتاری کوردایەتی، ڕزگاریی نەتەوەییی خەڵکانێکە کە سەدان ساڵە ماڵ و

گیان و کێ بوونیان لە مەترسیدایە. بۆیە پێویستە لە سەرەوەی ڕکابەریی حیزبی، ئایدۆلۆژیک و لە سەرەوەی حەز و ویستی کەسی کە زۆر جار لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبینرێت، بە دوای ڕێگەچارەیەکی نیشتمانییەوە بین کە هەموو لایەک چالاکانی سیاسی، حیزبەکان، کۆمەڵگای مەدەنی و ڕووناکبیران تێیدا بەشدار بن. دەکرێت لە چوارچێوەی پلاتفۆرمێک لەسەر بناغەی «خەیری گشتی»، پلان و ستراتیژییەکی نیشتمانی بۆ داهاتووی بزووتنەوەکە دابرێژرێت. چالاکانی ناوخۆی کوردستان، بە ئەکادمیسیەن و ڕووناکبیرەوە کە زیاتر لە هەموو کەس لە شەڕ و ململانێیەکی مەیدانیدان، دەتوانن دەستپێشخەری ئەو هەنگاوەبن. پەیوەندیی ریالپۆلێتیک و ئامانجی نەتەوەییی گەلی کورد، لە دووتوێی "زانست-خەیری گشتی"دا خوێندنەوەیەکی هەمەلایەنەی بۆ بکرێت. شێوازی هەڵسوکەوت و ئەو پرەنسیپانەی ڕێگەخۆشکەرن بۆ وتووێژێکی نیشتمانیی نێو بزاڤی کوردستان و دەرەوەی بزاڤی کوردستان دیاری بکرێن. ئەمە دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ دامەزراندنی بەرەیەکی نیشتمانیی گشتگیر کە هەموو بیروبۆچوونەکان مادامێک بە دووی ڕزگاریی نەتەوەییی گەلی کوردەوەن تێیدا بەشدار بن. ئەم بەرەیە دەتوانێت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو سیناریۆیانەی ئەگەری ڕوودانیان هەیە بخوێنێتەوە و بە پێی سیناریۆکان پلانی یەکەم و دووەم و سێیەم دابرێژرێت.

## سەرچاوە کوردییەکان


پڕوونهوبێر، کارۆڵ (۲۰۰۹). خولیا و مەرگی قاسملووی کوردان. وەرگێڕانی فەتاح کاویان. هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
عەلی، عوسمان (۲۰۱۰). چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی بزاڤی هاورچەرخی کورد. وەرگێرانی کامەران جەمال بابان زادە. هەولێر: چاپخانەی چوارچرا.
ڤان بروینسێن، مارتین، مایکێل گونتەر، جانیت کلاین، ئاندرو کورتیس، دیڤید ڕۆمانۆ، هاکان ئوزئوغلو (۲۰۱۱). ناسیۆنالیزمی کورد و ڕوانگەی ڕۆژئاوا. وەرگێڕانی وریا ڕەحمانی. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان (۲۰۰۳). کورتەباس. نووسینەوە و ئامادەکردنی: سەلاح شەشە. سوید.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان (۲۰۰۴). کوردستان و کورد. وەرگێڕانی عەبدوڵڵا حەسەن زادە. سوئید.
قاسملوو، عەبدولڕەحمان (۲۰۰۶). تاقگەی هەقیقەت، بەشێک لە بەرهەمەکانی دوکتور قاسملوو. بەرگی یەکەم و دووەم (کۆکردنەوەی کاوە بەهرامی). سلێمانی.
کۆچرا، کریس (۲۰۰۹). کورد لە سەدەی نۆزدە و بیستەمدا. وەرگێڕانی حەمە کەریم عارف. هەولێر: کتێبفرۆشیی سۆران.
کەریمی، ئەیووب (۲۰۱۵). پێکهاتەی ئیدیۆلۆژیی کوردایەتی. گوتارنامە، ژمارەی ۱۹، ۲۰، زستان: ۳۶-۳۱.
مستەفا ئەمین، نەوشیروان (۲۰۰۵). کورد و عەجەم: مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران. سلێمانی: چاپخانەی ڕوون.
مستەفا، عیرفان (۲۰۱۱). بوونی نەتەوەییی کورد لە نێوان فەلسەفە و سۆسیۆپۆلەتیکدا. هەولێر: چاپخانەی ڕەنج.
نەبەز، جەمال (۲۰۰۷). ناسنامە و کێشەی ناسیۆنالی کورد لە چەند سمینار و کۆڕێکی زانستیدا. هەولێر: چاپخانەی منارە.
وتووێژی ڕادیۆ دیالۆگ لە گەڵ عەباس وەلی:
https://www.youtube .com/watch?v= KXxUPhrBj5U&t= 2447s


## سەرچاوە فارسییەکان


آگامبن، جورجو و دیگران (۱۳۹۲). قانون و خشونت گزیده مقالات جورجو آگامبن، کارل اشمیت، والتر بنیامین، ترجمەی مراد فرهادپور و دیگران. تهران: فرهنگ صبا.
اولسن، رابرت (۱۳۷۷). قیام شیخ سعید پیران. ترجمه ابراهیم یونسی. تهران: انتشارات نگاه.
جهانبگلو، رامین ( ۱۳۸۶). حاکمیت و آزادی درس هایی در زمینه فلسفەی سیاسی مدرن. تهران: نشر نی.
حسن پور، امیر (۱۴۰۰). اشکال ناسیونالیسم. ایران نامگ. سال ششم، شماره ۱، بهار: ۱۷۸-۱۴۷.
حقیقی، شاهرخ (۱۳۷۹). گذار از مدرنیته؟ نیچه، فوکو، لیوتار و دریدا. تهران: آگاه.
فوکو، میشل (۱۳۹۰). باید از جامعه دفاع کرد. ترجمه رضا نجف زاده. تهران: رخداد نو
قاسملو، عبدالرحمن (۱۳۹۲). چهل سال مبارزه در راه آزادی. ترجمه اتحادیەی دانشجویان دمکرات کردستان ایران.
کسروی، احمد (۲۵۳۷ [۱۳۵۱]). تاریخ هیجده سالەی آذربایجان یا سرنوشت گردان و دلیران. تهران: انتشارات امیرکبیر.
گیدنز، آنتونی (۱۳۸۶). راه سوم: بازسازی سوسیال دموکراسی. ترجمه منوچهر صبوری کاشانی. تهران: شیرازه.
موفه، شانتال (۱۳۹۱). درباره امر سیاسی. ترجمه منصور انصاری. تهران: رخداد نو.


## ژێدەر

1. https://www.youtube.com/watch ?v=KXxUPhr Bj5U
وتووێژی ڕادیۆ دیالۆگ لە گەڵ عەباس وەلی
٢. هەمان
٣. هەمان
٤. هەمان
٥. هەمان